190

لیستی پارتی

دیموکراتی کوردستان

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٤)- (١٤)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

# بە دەنگدانمان بە لیستی ١٩٠

## سەرکەوتنێکی نوێ تۆمار دەکەین و

## بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵاتی خۆمان دەدەین



**١٩٠**

**لیستی پارتی**
**دیموکراتی کوردستان**

# کار دەکەین بۆ وەرگرتنی ماف و شایستەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**


■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**
**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**
***Web: www.gulanmedia.com***

» دکتۆر محەمەد شوکری :



**مەسرور بارزانی هەرێمی کوردستانی کردە ناوچەیەکی زێڕین بۆ وەبەرهێنان**

» د. عەبدولحەکیم خەسرەو :



**پرۆژەیەکی ئەزموونیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا لە چەند گەڕەکێکی هەولێر جێبەجێ کراوە و بەرەو سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنرێت**

» وارشین سلێمان :



**لە کابینەی نۆیەمدا لە ئامێدی و سنوورەکەی ٣٣١ پرۆژە بە بڕی زیاتر لە ٤٠١ ملیار دینار جێبەجێ کراوە**

» کاروان کەریم خان :



**لەم کابینەیەدا تەنیا لە شەقڵاوە چەندین پرۆژە بە بڕی ٥٠ ملیار دینار جێبەجێ کراون**



١٩٠

### لە هەڵبژاردنە چارەنووسسازەکەی ٢٠ی ئۆکتۆبەردا

# بە دەنگدان بە لیستی ١٩٠

## سزای ئەنجامدەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەدەین





**ئەو بەرگریی و مقاوەمەتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی لە هەموو بەرەکانی شەڕدا دەیکات، لە سەرووی هەموو مەزندەیەکی زانستی سەربازییەوەیە و، ئیرادەیەکە هەرگیز تێک ناشکێت**

لە دوای خیانەتی نیشتمانیی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە کە لەلایەن سەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ٥١٪ی خاکی هەرێمی کوردستان ڕادەستی هێزە چەکدارەکانی عێراق کرانەوە، جارێکی دیکە بە هاوشێوەی ساڵی ١٩٦٦ هاوکێشەی هێز لە کوردستاندا بەسەر دوو بەرەدا خۆی یەکلایی کردەوە کە بریتی بوون لە:

١- بەرەیەك بەرگری لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکرد و لە ڕۆژانی ٢٠-٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ داستانەکانی «پردێ، مەحموودیە، سحێلا»ی بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی و بە ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار دەکرد.

٢- بەرەیەکی دیکەش بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پشتگیریی بەشێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، هاوشان لەگەڵ دەبابە و هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕووماڵی شەڕەکەیان بۆ بەرژەوەندیی دوژمن دەکرد و لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان مانشێتی گەورەیان دەنووسی: «هەولێر کەوت .. ئاڵای کوردستان لەسەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر هێنرایە خوارەوە».

قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی تەنیا شەش ڕۆژدا (٢٠-٢٦)ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بەرانبەری گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە ئەو بەرگریی و مقاوەمەتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی لە هەموو بەرەکانی شەڕدا دەیکات، لە سەرووی هەموو مەزندەیەکی زانستی سەربازییەوەیە و، ئیرادەیەکە هەرگیز تێك ناشکێت، بۆیە بێجگە لە ڕازیبوون بە «ئاگربەست» و، دانیشتنەوە لەسەر مێزی دانوستاندن هیچ ڕێگەیەکی دیکە لە بەردەمیاندا نەما، هەر بۆیە دوای ئەم

**پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزبی سیاسی بوو لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بە تەنیا ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێنابوو**



مقاوەمەتە جارێکی دیکە دیالۆگ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەستی پێکردەوە و، جارێکی دیکە هەوڵە دیپلۆماتییەکان کەوتنەوەگەڕ و ئیمانوئیل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بە فەرمی بانگهێشتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کابینەی هەشتەمی کرد و لە کۆشکی ئەلیزیی بە فەرمی پێشوازی کرد و پشتیوانیی خۆی بۆ قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

بارودۆخی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دوای داستانەکانی هێزی پێشمەرگە، زۆر ئاڵۆز بوو، بەشێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەیانویست ئەو بارودۆخە بقۆزنەوە و داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی ئینقازی نیشتمانییان دەکرد، بەڵام لەناو ئەم بارودۆخە سیاسییە سەختەدا لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگێکی بوێر ئەو بڕیارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە هەموو لایەك ڕاگەیاندن کە بە پرۆسەی هەڵبژاردن جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق ڕێك دەخەنەوە، بڕیارەکانیش ئەمانە بوون:

- هەرێمی کوردستان ئامادەکاریی دەکات بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکات لە ئایاری ٢٠١٨.
- هەرێمی کوردستان بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی کوردستان دەدات و لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ لە کوردستان هەڵبژاردن دەکرێت.

# ١٩٠

**بەرەیەک بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، دروشمی «ئارامی و ئاوەدانی. پێکەوەیی و خۆڕاگری» بەرز کردووەتەوە و ڕۆژانە باس لە داهاتوویەکی گەش دەکات و بەرنامە بۆ «کوردستانێکی بەهێزتر» دادەڕێژێت**

● **پەند و وانە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەیلول بۆ پەرلەمانی کوردستان**

بەشێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان کە بێ ئاگا بوون لە ئیرادەی ویژدانی نیشتمانپەروەریی خەڵکی کوردستان، مەزندەیان بەو جۆرە بوو کە خەڵکی کوردستان کوردستان «خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر» وەك دەرهاویشتەیەکی نەرێنیی پرۆسەی ڕیفراندۆمە شکۆدارەکەی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ لە قەڵەم دەدەن و لە هەڵبژاردنی ئایاری ٢٠١٨ سزای پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەنەوە، بەتایبەتیش کە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو هەڵبژاردنە بڕیاری دابوو بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووك بکات و لەو پارێزگایە هیچ کاندیدێکی نەبوو، بەڵام دوای کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان، ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەك تەنیا حزبەکانی کوردستان، بەڵکو تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی تووشی شۆك کرد، بەتایبەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزبی سیاسی بوو لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بە تەنیا ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێنابوو.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو قەناعەتەی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەتایبەتی لەناو هێزەکانی عەرەبی شیعە دروست کرد، کە بەبێ بڕیاری سەرۆك بارزانی و بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کابینەیەکی حکومەت لە عێراق پێك ناهێنرێت، سەرەنجامیش وەك بینیمان پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنێکی سەرەکیی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بوو، دوای پێکهێنانی حکومەتیش بە فەرمی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا بانگهێشت کرا و فەرشی سووری بۆ ڕاخرا و لەسەر ئاستی بەرزی حکومەت و پەرلەمان و کۆی سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق پێشوازی لێکرا. ئەمە ئەوەی سەلماند کە دۆست و نەیار تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەر و پارێزەری هەرێمی کوردستان دەزانن، ئەو سەرکەوتنە ئەوەی سەلماند کە ویژدانی نیشتمانپەروەران مەدالیای کوردستان لە یەخەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن و خیانەتکارانیش ڕیسوا دەکات.

دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ دەستیان پێکرد، لەناو ئامادەکارییەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان، دیسان حزبەکان بە شێوەیەکی گشتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی، کەوتنە گێچەڵ دروستکردن بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی وتەبێژی ئەو کاتی ئەو حزبە «فەرید ئەسەسەرد» ڕایگەیاند، یەکێتی ڕێگە نادات لەودیوی دێگەڵە سندوقی دەنگدان دابنرێت و، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەیی ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی سەرۆکی حکومەت کرایەوە، بەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێگە نادات سندوقەکانی هەڵبژاردن لەو دیوی دێگەڵە دابنرێن، لە وەڵامدا زۆر بوێرانە و بە دەنگی بەرز بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند «ئێمە سندوقەکانی دەنگدان دادەنێین، با ئەوان ڕێگە نەدەن هەڵبژاردن بکرێت». حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ کرد و لە ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ خەڵکی کوردستان چوونە سەر سندوقی دەنگدان بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان.

هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو جێبەجێکردنی بەرنامەی «کوردستانێکی بەهێز»، ئەو

**دۆست و نەیار تەنیا سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەر و پارێزەری هەرێمی کوردستان دەزانن**

**حزبەکانی دیکە بوونەتە بەرەی دژ بەم هیوا و ئاواتە و بە دروشمەکانی «کۆتایی پێدەهێنین، ڕایدەگرین، ئیتر بەسە، درۆدەکەن..» و، بە ئاشکرا و بێ شەرمانە لە چوارچێوەی گوتاری زبری پۆپۆلیستی بانگەشە بۆ رووخاندنی قەوارەی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن**

**مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان موژدەی ئایندەیەکی شایستەتر بە گەلەکەی ڕادەگەیەنێت**

کوردستانە بەهێزەی پێویستی بەوەیە بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بونیاد بنرێت. هەر بۆ بیرهێنانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣ تەنیا خاوەنی ٣٨ کورسی بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٨ گەلی کوردستان خەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و ژمارەی کورسییەکانی گەیاندە ٤٥ کورسیی پەرلەمانی کوردستان.

ئەو دوو هەڵبژاردنە گرنگەی «ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان»، ڕاستەوخۆ دوای خیانەتی نیشتمانیی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئەنجام دراون، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك و پێش ئەوەی ساڵیادی ئەو خیانەتە نیشتمانییە بکەینەوە، گەلی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی شارستانییانەی هاوچەرخ و دیموکراتی و بە دەنگەکانیان مەدالیای سەرفرازی کوردستانیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشی و متمانەی زیاتریان پێدایەوە، لە بەرانبەریشدا ئەو لایەنەی خیانەتی نیشتمانیی ١٦ی ئۆکتۆبەری ئەنجام دا، بە جۆرێك ڕیسوا کرد، کە بێجگە لە دادنان بە شکستەکەی خۆیاندا هیچ بژارەیەکی دیکەیان بۆ نەمایەوە.

### ● یادکردنەوەی داستانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی هێزی پێشمەرگە و ئیرادەی گەلی کوردستان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان

هەڵبژاردنی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی «ئیرادەی گەلی کوردستانە» لەناو تۆڕی چنراوی پیلانی ناحەزان و دوژمنانی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی هەڵبژاردنەکان پەرلەمانی کوردستاندا هەر لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠١٨) ئەم هەڵبژاردنە بە چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی عێراق دەکرێت.

بۆ یەکەمین جارە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی تەواوی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان (تورکمان، کلد، سریان، ئاشووری، ئەرمەن» ڕەت کراونەتەوە و بە گوشاری پارتی دیموکراتی کوردستان پێنج کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسیی پەرلەمان بۆ کۆتای پێکهاتەکان گەڕێندراوەتەوە.

بۆ یەکەمین جارە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بەرەیەك بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، دروشمی «ئارامی و ئاوەدانی. پێکەوەیی و خۆڕاگری» بەرز کردووەتەوە و ڕۆژانە باس لە داهاتوویەکی گەش دەکات و بەرنامە بۆ «کوردستانێکی بەهێزتر» دادەڕێژێت و، جیا لەوەی ڕۆژانە کۆمەڵێك پرۆژەی تازە دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا بەردی بناغە بۆ چەندین پرۆژەی ستراتیژیی خزمەتگوزاریی خەڵك دادەنێت، لە بەرانبەردا حزبەکانی دیکە بوونەتە بەرەی دژ بەم هیوا و ئاواتە و بە دروشمەکانی «کۆتایی پێدەهێنین، ڕایدەگرین، ئیتر بەسە، درۆدەکەن..» و، بە ئاشکرا و بێ شەرمانە لە چوارچێوەی گوتاری زبری پۆپۆلیستی بانگەشە بۆ ڕووخاندنی قەوارەی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەوەی لەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەی کوردستان جێگەی گەشبینی و ئومێدە، ئەوەیە کە لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە، لەناو ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا ئەو پرسە یەکلایی کراوەتەوە کە ئەم ئیرادەیە پشتگیریی کام بەرەیە دەکات و لە دژی کام بەرە هەڵوێست وەردەگرێت و سزایان دەدات، ئەم لێکجیاکردنەوەی ئەو دووبەرەیەش هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن زیاتر لە ئیرادەی گەلی کوردستاندا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە

# ١٩٠




و متمانەی زیاتر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات، هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، خەڵکی کوردستان بە ڕێژەی (٥٠+١) متمانەی خۆی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا و کردیە خاوەنی ٣٣ کورسی لە کۆی ٦٣ کورسیی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٤ کە دەکاتە پێنج ساڵ، سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی بەرەی «پارێزگاریکردن و سازش نەکردن لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان»یان کردووە، وێڕای ئەوەی لەم چەند ساڵەدا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشەی سەربازی و قەیرانی جۆراوجۆری ئابووری وەك «بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار سفر، بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی عێراق بووەوە، لەمەش زیاتر بێبەشکردنی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە پەرلەمانی عێراق بۆ دابینکردنی مووچە بڕیاری لەسەر دا، ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بەردەوامیی شەڕی ئابووری بە شێوازی جۆراوجۆر دژی هەرێم و...هتد». بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پشتیوانیی پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هەر توانی ئەم حکومەتە بپارێزێت، بەڵکو پلانی









١٩٠













بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی هەمەلایەنەی بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستەتر بۆ خەڵکی کوردستان گەیاندنە قۆناغی جێبەجێکردن و، وەك ئێستاش دەبینین مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان موژدەی ئایندەیەکی شایستەتر بە گەلەکەی ڕادەگەیەنێت.

هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن، کێرڤی دەنگدان و متمانەی خەڵکی کوردستان بە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕووی لە هەڵکشانە، بۆیە دڵنیاین لەم هەڵبژاردنەشدا گەلی کوردستان زیاتر لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی ئەنجومەنی عێراق متمانە دەدەنە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتەکەی ئاداری ١٩٧٠ چۆن بە تەنیا ڕێککەوتننامەی ئاداری لەگەڵ حکومەتی عێراق وەك گەورەترین دەستکەوت لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئیمزا کرد، ئەمجارەش بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنووسی گەلی کوردستان دەدات، ئەمەش پاداشتی ئیرادەی گەلی کوردستانە بۆ سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان ناکات و کوردستانی بەهێزتر لە دوای ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ دەبێت «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە»ی هەبێت.

# بایەخدان بە ژینگە لە پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق

ئەگەرچی خەمی ژینگە لە بنەڕەتدا خەمێکی ئینسانی و سەرتاسەریی جیهانییە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی ستەمکارانەی داگیرکارانەوە، سەدان ساڵە ژینگەی کوردستانیش وەك دانیشتووانەکەی بەردەوام کەوتووەتە بەر شاڵاوی تێکدان و پیسکردن، بۆیە ڕوانینە پرسی ژینگە وەك خەمێکی نەتەوەیی لەپڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێویستییەکی سەردەمەو زۆر ئامانجی مەزن لەخۆ دەگرێت وەك دارِشتنی ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە و، گەشەپێدان بە کواڵێتیی ژیان و هاوکاریی و هەماهەنگیی نێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتییان و، کارکردن لەپێناوی پێکەوەژیانی مرۆیی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی، چونکە ژینگە هەمیشە لە سایەی ئاشتیدا پارێزراو و پاکتر دەبێت.

**گرنگترین بابەتە ژینگەییەکان لەپڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا**

دیارە هەنگاوی یەکەم بۆ پاراستنی ژینگە لەلایەن هەر حزبێکی سیاسییەوە بریتییە لە دانان و جێکردنەوەی بابەتی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەپەیرەو و پڕۆگرامیدا، بۆ ئەم مەبەستەش پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی(١٤)دا ماددەی (٥٩)ی بۆ ژینگە تەرخان کردووە و تیایدا هاتووە کە پارتی کار دەکات بۆ:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی.

دووەم: پاراستنی ژیانی کێوی و جۆراوجۆریی بایۆلۆژی.

١٩٠









١٩٠










سێیەم: نەبەزاندنی سنوورەکانی توانای ژینگە و سەرچاوە سرووشتییەکان.
چوارەم: کەمکردنەوەی پیسبوون بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.
پێنجەم: سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان بۆ پاککردنەوەی ژینگەی وڵاتەکەمان.
شەشەم: زیادکردنی پانتایی سەوزایی.
حەوتەم: پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەیی بۆ ڕێگریکردن لە بەبیابانبوون و کارەساتی ژینگەیی و سرووشتی.
هەشتەم: پاککردنەوەی هەموو کوردستان لە مین.
نۆیەم: فراوانکردنی ناوچە پارێزراوە سرووشتییەکان.
دەیەم: دووبارە بەکارهێنانەوەی خاشاك بە شێوەی زانستی و مۆدێرن.
یازدەیەم: بایەخدان بە دامەزراوەکانی ژینگەپارێزی.
دوازدەیەم: فراوانترکردنی چەمکی خۆشەویستکردنی سرووشت و ژینگە لەناو خەڵکدا.

## ڕەنگدانەوەی پێگەی ژینگە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

لە ڕوانگەی ئەو ئامانجەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردن، دەتوانین بڵێین کە پێگەی ژینگە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا لە بەرزترین ئاستدایە، کاتێك دەبینین کارنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە: (ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە)، لەبەر ڕۆشنیایی ئەم دروشمەشدا دەستەی ژینگە کە دەستەیەکی چاودێری و هەماهەنگیی ژینگەییە، کار دەکات لەسەر هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکان و ڕەزامەندیدان بە پرۆژەکان و چاودێریکردنیان، هەروەها هەماهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان و کاریش دەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە هەر سێ چەمکی (پاراستن، چاککردن، گەشەپێدانی بەردەوام) و بە ئامرازەکانی وەك (هۆشیاری، یاسا، تەکنۆلۆژیای نوێ).

هەروەها بەشداربوونی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە فراوانەکانی ناوچەکە و جیهان لەبارەی پرسی وزە نوێبووەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە، بە مانای بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجانە و بەردەوامبوونە لەسەر هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام و وەبەرهێنان لە بواری ژینگە و وەبەرهێنانی سەوز وەك جێبەجێکردنی پابەندییەکانی نێو بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان و، بەجێهێنانی ژمارەیەك لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و، پاڵپشتیکردنی کەرتە زیانلێکەوتووەکان بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا، کە هەندێك لە ئاسەوارەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتوون، هەروەها بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری وەبەرهێنانی ژینگەییدا بەو پرۆژانەی کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، یان خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا، لە ڕێگەی پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆستانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و ڕێکخراوە ژینگەییە خۆماڵی و نێودەوڵەتییەکانەوە.

لێرەوە دەتوانین ئاماژە بە گرنگترینی ئەو خاڵانە بدەین کە لە بەشداربوونی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە لە کۆبوونەوە فراوانەکانی ناوچەکە و جیهان لە بارەی گۆڕانی کەشوهەواوە، وەك:

١٩٠

١- ئاشناکردنی سەرۆك و سەرکردەکانی جیهان بە هەوڵە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی هەنگاوە جیهانییەکان لە بواری دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا.

٢- دانان و جێکردنەوەی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی گۆڕانی کەشوهەوا.

٤- بەرجەستەکردنی ئەو بەڵێنە ژینگەییانەی کە لەکارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوون.

٥- خستنەڕووی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

٦- بەهێزکردنی پێگەی شاندی تەکنیکی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧- سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەچارەسەر بۆ گرفتە جیهانییەکانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا.











١٩٠












**دکتۆر محەمەد شوکری**

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# مەسرور بارزانی هەرێمی کوردستانی کردە ناوچەیەکی زێڕین بۆ وەبەرهێنان

---

## لە کابینەی نۆیەمدا مۆڵەتی وەبەرهێنان بە ٤١٩ پرۆژە بە قەبارەی ١٦ ملیار و ٧٨٢ ملیۆن دۆلار دراوە

١٩٠

ئەو ئاسانكاری و پاڵپشتییەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ وەبەرهێنەرانی پێشكەشی كردووە، كەرتی تایبەتی گەڕاندەوە بۆ ئامانجە سەرەكییەكەی خۆی كە خزمەتكردنی هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەیەتی، ئەوەتا ساڵ لە دوای ساڵ قەبارەی وەبەرهێنان و ژمارەی پڕۆژەكانی زیاتر كردووە، بەمەش هەلی كار بۆ گەنجان و ژێرخانی ئابووری بەتایبەتی لە بوارەكانی پیشەسازی و كشتوكاڵ و گەشتیاری ڕووی لە گەشەسەندن كردووە، ئەمەش جێبەجێكردنی بەڵێنێكی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو، كە لە كارنامەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان هاتبوو، پێویستە سەرچاوەكانی داهات فرەچەشن بكرێن لە ڕێگەی كەرتی تایبەتەوە و هەلی كار بۆ گەنجان دابین بكرێت. لەسەر ئەم پرسە و كاریگەریی پشتیوانی و ئاسانكارییەكانی كابینەی نۆیەم بۆ وەبەرهێنەران و زیادكردنی پڕۆژەكان، گۆڤاری گوڵان دیدارێكی لەگەڵ دكتۆر محەمەد شوكری سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان ساز دا.

*** ئاسانكاریی و پاڵپشتییەكانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان وای كردووە، لە هەموو پارێزگاو ناوچەیەكی كوردستان بە دەیان مۆڵەتی وەبەرهێنان بدرێت و پڕۆژە لە دوای پڕۆژە بكرێتەوە. ئایا ئەو پڕۆژانەی لەم كابینەیەدا مۆڵەتیان پێدراوە ژمارەیان چەندە و تا چەند ڕێژەیان ڕووی لە زیادبوون كردووە؟**

- ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان وێڕای هەموو ئەو ئالنگاریی و ئاستەنگانەی لە بەردەم كابینەكەی دروست بوو، یان دروست كران، بەڵام نەیانتوانی ڕێگری بكەن لە بەردەم بەردەوامیی كاروانی ئاوەدانی و زاڵبوون بەسەر هەموو گرفت و ئاستەنگەكاندا. سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە كردەوە سەلماندی كە هیچ ئاستەنگێك لەبەردەم خزمەتكردنی گەلەكەی ناتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەوامیی كاروانی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی. سەرۆك وەزیران خاوەنی ئیرادەیەكی بەهێزە كە هێز و هاندەری لە عەقیدەی بارزانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەتا لە ٢٨ی تەمووزی ٢٠١٩ـەوە لە تەمەنی دەستپێكردنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا تا ٣ی تشرینی یەكەمی ئەمساڵ ٢٠٢٤ مۆڵەتی وەبەرهێنان لەلایەن دەستەكەمانەوە بە ٤١٩ پڕۆژە دراوە بە قەبارەی ١٦ ملیار و ٧٨٢ ملیۆن دۆلار لەسەر ڕووبەری زیاتر لە ١٨ هەزار دۆنم ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون. تەنیا ژمارەی ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان كە پەسەند كراون، زیاترە لە ١٦١٢ پڕۆژە، زۆربەی ئەم پڕۆژانەش لە تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردی بناغەیان بۆ دانراوە، هەر لەم كابینەیەشدا سەرۆك وەزیران پڕۆژەكانی كردەوە. تەواوبوونی پڕۆژەكان لەوادەی خۆیدا بۆ بەدواداچوون و چاودێریی ڕێزدار مەسرور بارزانی دەگەڕێتەوە، ئەمەش وای كرد، متمانەی بە دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەكان گەڕاندەوە. جەنابیان ڕاستەوخۆ ڕاسپاردە و ڕێنمایی دەكردین، بۆ ئەوەی پڕۆژەكە بگرە پێش وادەی خۆیشی تەواو بێت، بەمەش لە هیچ سەردەمێكدا ئەوەندەی تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان پڕۆژەی وەبەرهێنان لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان ئەنجام نەدراوە و، ساڵانە ڕێژەی مۆڵەتدان بە وەبەرهێنەران ڕووی لە زیادبوون كردووە.

*** وەكو ئاشكرایە هەرێمی كوردستان لە چوار ساڵی تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە چەندین قەیرانی وەكو كۆرۆنا و بڕینی بوودجە و**









١٩٠



**مووچەی فەرمانبەران لەلایەن بەغداوە و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و وشکەساڵی و دژایەتیکردنی پرۆسەی چاکسازیی تێپەڕ بووە. ئایا لەناو ئەم هەموو قەیرانانەدا چی وای کردووە، وەبەرهێنان ڕوو لە زیادبوون بکات، لەکاتێکدا سەرمایە ترسنۆکە و بە دوای ژینگەی لەباردا دەگەڕێت؟**

- پشتیوانی و کارئاسانیی و دیدگای سەرۆك وەزیران، هاندەری دەستەی وەبەرهێنان و هەموو وەزیرە بەڕێزەکانی کابینەکەی بوو، کە هەر یەکەو لەلایەك پێکەوە لەژێر ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی بەڕێزیان کۆڵمان نەدا، کە بەڕێزیان هەمیشە جەختی لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کردووەتەوە لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە، تەنانەت ئەو شوێنانەی کەمتر وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڕێزیان فەرمانی دا هەر وەبەرهێنێك لەو ناوچانەدا پڕۆژە ئەنجام بدات، لە هەموو باج و ڕسوماتێکی وەبەرهێنان لێخۆشبوون دەیگرێتەوە، بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاندانی پێدانی مۆڵەت و کارئاسانییەکانیش، هەشت بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنانی لە شارەکانی کوردستان کردەوە. لە ئێستادا هەشت شوێنی مۆڵەتی وەبەرهێنانمان هەیە، تاوەکو هەر ناوچەیەك پڕۆژەی خۆی وەربگرێت و مۆڵەت بدات و سەرپەرشتی بکات. بۆیە لەم کابینەیەدا بۆ یەکەمین جار ناوچە کەم گەشەکردووەکانیش کاری گەورەیان تێدا ئەنجام درا. لەلایەکی دیکەوە بیروباوەڕی سەرۆك وەزیران لەسەر خزمەتکردنی خەڵك و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم بونیاد نراوە و جەختی لەسەر ڕێگاوبان و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کردەوە، لە هەمووشی گرنگتر پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیان و سەقامگیری هەرێمەکە بوو، هەر دەستپێکی کارکردنی کابینەی نۆیەم بە دروشمی کوردستانێکی بەهێزتر دەستی بە کارەکانی کرد، لە ڕێگەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانەوە قەرەبووی شوێنەوارەکانی قەیرانی دارایی و هەموو ئەو گەمارۆ و دژایەتیکردنانەی کردەوە، کە لە بەردەم کارەکانی حکومەت و ئومێدی خەڵك دادەنران. بۆیە دیپلۆماسیەتی سەرۆك










١٩٠




و دیدگا و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەموو ئەم دەستپێشخەرییانە بوونە هەوێنی زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا. دیدگای سەرۆك وەزیران بوو کە وای کرد، چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت نەبەسترێت و ڕوو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و خزمەتگوزاری و فێرکردن و چەندین بواری دیکە بکەین.

*** کاتێك کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە کار بوو، ژمارەیەك پرۆژە ڕاوەستابوون، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بوو، بەردی بناغەی ئەو پرۆژانە دانرابوون. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تا چەند توانرا کێشەکانی ئەو پرۆژانە چارەسەر بکرێن؟**

- بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانەی کە وستابوون لە کەرتی نیشتەجێبوون بووە، کە لەم کابینەیەدا بە کار خرانەوە و لە کۆی ١١ پرۆژەی وەستاو تەنیا سێ پرۆژە ماوە ئەوانیش کارمان بۆ چارەسەرکردنی کردووە. لەم کابینەیەدا بە دەگمەن پرۆژەیەك هەیە، لەکاتی خۆی تەواو نەکرابێت. بۆیە کاتێك سەرۆك وەزیران بەردی بناغەی پرۆژەیەك دادەنێت، خەڵکی متمانەی تەواویان هەیە کە ئەو پرۆژەیە تەواو دەبێت.

*** ئەو سێکتەرانە چین کە وەبەرهێنانی زیاتری تێدا کراوە و بۆ هەرێمی کوردستان گرنگن؟**

- ئەو سێکتەرانەی بۆ خەڵك و بەدەستهێنانی هەلی کار گرنگن، لەم کابینەیەدا هانی وەبەرهێنانمان داوە پرۆژەی تێدا دروست بکەن. ئەوەتا بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری لە هەرسێ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری پرۆژەمان لەم کابینەیە ئەنجام داوە، کە بەم شێوەیە بوون: (پیشەسازی ١١٦ پرۆژە، گەشتیاری ٥٦ پرۆژە، کشتوکاڵ ١٧ پرۆژە)، هەردوو کەرتی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستیشمان فەرامۆش نەکردووە، (فێرکردن ٤٠ پرۆژە، تەندروستی ٢٧ پرۆژە ) بۆ گەنجەکانیش نۆ پرۆژەی وەرزشی









١٩٠













و دوو پڕۆژەی هونەری ئەنجام دراون. هاوکات کەرتی نیشتەجێبوون و بازرگانی و خزمەتگوزارییش پشتگوێ نەخراون، لە (نیشتەجێبوون ٤٣ پڕۆژە و بازرگانی ١٠٤ پڕۆژە و خزمەتگوزاریی ٣ پڕۆژە، بانك ٢ پڕۆژە) ئەنجام دراون. لەم پڕۆژانەدا بە سەدان هەلی کار بۆ گەنجان دابین کراون. خۆ ئەگەر تەنیا کەرتی کشتوکاڵی بە نموونە وەربگرین، دەستکەوتەکانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە کەرتی کشتوکاڵ، داستانێکە بۆ خۆی و بە هەزاران هەلی کاری دابین کردووە، بەتایبەتی لە بواری ساغکردنەوە و کۆتاییهاتن بە کێشەی گەنمی جووتیاران، ئەوەتا ١١ کارگەی جۆراوجۆری بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بە کار خراون و ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی دانراون و بەرهەمی خۆماڵی بۆ یەکەمین جار گەیاندە بازاڕەکانی جیهان و بەروبوومی جووتیارانی ساغ کردەوە و چەندین کۆگای ساردکەرەوە و ئەمبار و سایلۆی کردەوە. لەماوەی تەنیا دوو هەفتەدا چەندین کارگەی گەورە و ستراتیژی کردەوە، لەوانە گەورەترین کارگەی شیر و شیرەمەنییەکان لەسەر ١٠٠٠ دۆنم و بە توانای ١٢٠ هەزار لیتر کە چەندین کارگەی عەلەف و نەخۆشخانە و کارگەی سپیایی و بەخێوکردنی مانگای شیردەری لەخۆ گرتووە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کردنەوەی کارگەی (SMS) دروستکردنی سرنج کە بۆ یارمەتیدانی کەرتی پیشەسازیی تەندروستی زۆر گرنگە و چیتر پێویستیمان بە هاوردەکردنی ئەم مەوادە گرنگە نامێنێت. هەروەها گەورەترین کارگە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بۆ بەرهەمهێنانی سفر و دروستکردنی کێبڵ لە هەولێر کرایەوە بە تێچوونی ١٠٠ ملیۆن دۆلار و ساڵانە بە یەك شەفت ٨٠ هەزار تۆن کێبڵ بەرهەم دەهێنێت و ٣٥٠ کرێکار کاری تێدا دەکەن. خۆ ئەگەر ئەم کارگەیە بە هەر سێ شەفت کار بکات، ئەوا زیاتر لە ٧٥٠ هەلی کار دابین دەکات، ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەی ئەم کابینەیە بوو. ئەمە وێڕای ئەوەی کار لەسەر ١٦

١٩٠



ناوچەی گەورەی پیشەسازیی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان کراوە و لەم ژمارەیە ٨ ناوچەی پیشەسازیی بۆ کارکردن ئامادەن و مۆڵەتی کارکردنمان بە زیاتر لە ٥٥ کارگە داوە، بەرنامەمان هەیە ئاستی وەبەرهێنان لە سنووری ٣٠٪ بۆ ٥٠٪ زیاد بکەین.

*** ئایا تا چەند ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان زیاد بووە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووە، لە ئێستادا زیاتر لە ٤٥ مۆڵەتی وەبەرهێنانی بیانیمان هەیە، زۆربەی وەبەرهێنەرانی بیانییش لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، کە بانگهێشتنامەیەکی باش نێردراوە بۆ وەبەرهێنەکان و دەرفەتی باشمان پێداون، هەروەها لۆگۆی ئینڤێست کوردستانیشمان بە ڕەزامەندیی سەرۆك وەزیران داناوە و هەرێمی کوردستان بووەتە ناوچەیەکی زێڕین بۆ وەبەرهێنان، سەردان و چاوپێکەوتنەکان و بەشداریی سەرۆك وەزیران لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و بینینی گەورە کۆمپانیاکان کاریگەریی باشی لەسەر وەبەرهێنان و زیادبوونی قەبارەکەی هەبووە، کە تەنیا لەم چوار ساڵەدا گەیشتووەتە زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار. لەگەڵ وەبەرهێنە عێراقییەکانیش کاری باشمان کردووە و دەرفەتی باشیان دراوەتێ، ئەمەش بۆ باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە، کە چارەسەری زۆر لە کێشەکان کراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نییەتی باش دەستپێشخەریی کردووە، بۆ ئاساییبوونەوەی ئەم پەیوەندییانە، ئەوەتا لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا شاندێکی باڵای سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق لە ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان کۆبوونەوەکانی خۆیان ئەنجام داوە.











١٩٠



به شێوەیەکی گشتی دەرفەتی باش و ژینگەی لەبار و کەمکردنەوەی ڕۆتین بۆ مۆڵەتدانی وەبەرهێنان ڕۆڵی باش و سەرەکییان هەبووە لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و عێراقی، بۆ ئەم مەبەستەش یەکەی خزمەتگوزاریی وەبەرهێنانمان دامەزراندووە و، هەرچی زانیاری و داتا لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو لە سایتی دەستەکەمان دانراوە، تاوەکو وەبەرهێنەرانی بیانی و عێراقی سوودی لێوەربگرن.

*** وەکو ئاماژەت پێکرد، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری بەو ناوچانە داوە کە بە ناوچەی کەمتر گەشەکردوو دادەنرێن و دەستی وەبەرهێنەران و پڕۆژەکان کەمتر ڕووی تێکردووە، لەم بارەیەوە لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی کراوە؟**

- بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران ئاسانکاریی و پاڵپشتیی زیاتری وەبەرهێنەرانمان کردووە، تاوەکو ڕوو لەو ناوچانە بکەن کە کەمتر دەستی سەرمایە و وەبەرهێنەرانی بۆ دەچێت. بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت لێخۆشبوونی هەموو باجێکی وەبەرهێنانیان بۆ کراوە، لە سایت و بڵاوکراوە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانماندا هەڵی زێڕین و باشمان لەم ناوچانە خوڵقاندووە، بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری، بۆ نموونە لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ وەرچەرخانی گەورە ڕووی داوە و زاخۆ بووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری و تەنیا لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٦٠٠ هەزار گەشتیار ڕوویان لە زاخۆ کردووە. من زیاتر دەمەوێت بە داتا و زانیاری دەستکەوتەکان بسەلمێنم. ئەوەتا لە ساڵی ٢٠١٩ مۆڵەت تەنیا بە ١٥ پڕۆژە دراوە، لە ٢٠٢٠ بە ٧١ پڕۆژە و لە ٢٠٢١










١٩٠



به ١٧ پرۆژه و له ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی پرۆژه مۆڵەتدراوەكان بۆ ٣٠ پرۆژه زیاد بوون، ئەمساڵیش تا دێت پرۆژەكان زۆر لەو ژمارەیه زیاترن، ئەم پرۆژانەش دابەش بوون بەسەر پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجه و ئیداره سەربەخۆكانی گەرمیان و زاخۆ و سۆران و ڕاپەرین، بۆ نموونه ڕێژەی ساڵانەی وەبەرهێنان بەپێی شار بەمشێوەیه بووه:

له٢٠١٩ : هەولێر ٤ پرۆژه، سلێمانی ٤، دهۆك ٢، زاخۆ ٢، ڕاپەرین ١، گەرمیان ٢ واتا ١٥ پرۆژه لەو ساڵەدا .

له ٢٠٢٠: هەولێر ٢٨ پرۆژه، سلێمانی ١٧، دهۆك ١٧، زاخۆ٢، گەرمیان ٣، ڕاپەرین ١ و سۆران ٢، واتا ژمارەی پرۆژەكان له ساڵی دەستبەكاربوونی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان له ٢٠١٩ تەنیا لەماوەی ساڵێكدا له ١٥ پرۆژه بۆ ٧٠ پرۆژه زیاد بووه.

له ٢٠٢١: هەولێر ٣٥ پرۆژه و سلێمانی ١٣ پرۆژه و هۆك ١٢ پرۆژه و گەرمیان ٤ پرۆژەو زاخۆ ٤ و هەڵەبجه ١ . كه ٦٩ پرۆژه دەگات بۆ ساڵی ٢٠٢١ .

له ٢٠٢٢: وەرچەرخانمان له زیادبوونی ژمارەی پرۆژەكان تۆمار كرد، كاتێك گەیشته ٩٤ پرۆژه و هەولێر٤١ پرۆژه و سلێمانی ٣٢ و دهۆك ١٤ و هەڵەبجه ١ و سۆران ١ و ڕاپەرین ٣ و گەرمیان ٢ پرۆژه. له ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی پرۆژەكان به شێوەیەكی جێی سەرسوڕمان به ١١٨ پرۆژه گەیشت، كه تەنیا له پارێزگای سلێمانی و دەڤەری هەڵەبجه و گەرمیان و ڕاپەرین ٣٤ پرۆژەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوه.

له ساڵی ٢٠٢٤ تاكو ئەمڕۆ ٥٣ پرۆژه به سەرمایەی ١ ملیار و ٤١٣ ملیۆن و ٦٥٠ هەزار دۆلار مۆڵەتیان پێدراوه.









١٩٠












سێکتەر پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش لە ڕیزبەندییان بەم شێوەیە بووە:

گەشتیاری ٥٣،٨٩٪

نیشتەجێبوون ١٨،٢٥٪

پیشەسازی ١٤،٥١٪

بازرگانی ٥،٨٠٪

کشتوکاڵی ٣،٥٩٪

فێرکردن ٢،١٢٪

تەندروستی ١،١٤٪

بانك و خزمەتگوزاری و هونەری و وەرزش ٠,٧٣٪

*** بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون چیتان کردووە؟**

خۆشبەختانە زۆربەی ئەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون کە کارکردن تێیاندا ڕاوەستابوو، دەستیان پێکردەوە و ژمارەیەکی دیکەی وەبەرهێنەرانمان سزا دا، کە کەمتەرخەم بوون و ئامادەنەبوون دەست بە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بکەنەوە، پرۆژە نوێیەکانیش پێویستە بەپێی ستاندارد قوتابخانە و هەموو خزمەتگوزارییەکیان تێدا بێت، ئەو پرۆژانەی پێشتر قوتابخانەیان نەبووە، لەسەریان سەپێندراوە دروستی بکەن، بەشێکیش خۆیان وەك خۆبەخش قوتابخانەیان دروست کردووە. لەمەودوا هەر پرۆژەیەك دروست بکرێت، هاوتەریب هەموو خزمەتگوزارییەکی لەگەڵ دروست دەکرێت، وەکو لە داتا و ژمارەکان کە خستمە ڕوو دەرکەوتووە، پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری لەسەر حیسابی ئەم کەرتە نەبووە، کە خواستی زۆری لەسەرە.

١٩٠












د. عەبدولحەکیم خەسرەو

سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ گوڵان:

# پرۆژەیەکی ئەزموونیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا لە چەند گەڕەکێکی هەولێر جێبەجێ کراوە و بەرەو سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنرێت

**نزیکەی ١١٠ کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا دەستنیشان کران و، توانرا زۆر لەو کێشانە بە شێوازێکی یاسایی و تۆکمە هەنگاوی چارەسەرکردنی بۆ بنرێت**

١٩٠










# خۆڕاگریی سەرۆک وەزیران و پاڵپشتی و پاڵپشتی و ئەو جۆرە متمانەیەی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت بوو وای کرد بەسەر هەموو ئالنگاری و قەیرانەکاندا زاڵ بین

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئاستەنگ و ئالنگارییەکانی بەردەم چاکسازی و بونیادنانەوەی ئابووری و ڕێگرییە سیاسییەکان، بەڵام خۆڕاگر بوو لە بەردەم قەیرانەکان و هەموو ئەم ئاستەنگ و بەربەستانەدا، لە سەرجەم بوارەکانیدا هەنگاوی گرنگ نراون بۆ دووبارە ڕاستکردنەوەی پەیکەری ئابووری و بەهێزکردنی ئابووریی هەرێمەکە و زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و دەستکەوتەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ د. عەبدولحەکیم خەسرەو سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** چاکسازی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتبوو. ئایا تا چەند ئەم پرۆسەیە لەم کابینەیەدا تایبەتمەندێتی پێ دراوە و تا چەند لە ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکاندا ڕۆڵی هەبووە؟**

- چاکسازی یەکێك بوو لە بەڵێنەکان و لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت. چاکسازی لە مووچە و مینحە و هەموو ئەو ئیمتیازاتە داراییانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەدرێن، گرنگ بوو، لەم پێناوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری چاکسازیی دا و یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا و ڕاستەوخۆ جێبەجێ کرا، بەتایبەتی لە مووچە و وەرگرتنی زیاتر لە ئیمتیازاتێك و پرسی خانەنشینی پلە باڵاکان و ڕێکخستنەوەیان و پلە باڵاکانی موعەوەم و وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان.

بێگومان پرسی چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوام و هەستیار بووە و چەندین ئامانج و سێکتەری جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو. ئامانج لێی بەهێزکردنی ئەدای کاری حکومەت و کەرتی گشتییە، بۆ ئەوەی لە ئاست خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیاندا بێت و زامنی بەردەوامی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە بدات و سامانی گشتی بە هەدەر نەدرێت و، خەرجییە ناپێویستەکان و کەمالیاتەکان بۆ نزمترین ئاست کەم بکرێنەوە و، داهاتەکان لە هەموو ناوچە و پارێزگاکان کۆ بکرێنەوە و، هەنگاوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ کە پەیوەستە بە مووچە و دەرماڵە و مینحە و سوودمەندبوون، لە بوودجەی گشتیدا چاکسازییەکی دادپەروەریی لێ کەوتەوە و هەڵەکانی پێشووی ڕاست کردەوە و ئەدای کاری کەرتی گشتیی باشتر کرد. بەشێکی زۆر باشی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە ئێستادا لەگەڵ پەیوەندییەکانماندا، لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ڕێکخستنەوەی مووچە دەرئەنجامی باشی لێ کەوتووەتەوە و کاری لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و کارکردن بۆ گواستنەوەی هێزەکانی

١٩٠












٧٠ و ٨٠ی پێشمەرگە، هەروەکو جەنابی سەرۆکی مەسعود بارزانی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا ئەو بەڵێنەی دا، کە لە داهاتوودا یەك قەوارە و یەك هێزی پێشمەرگەمان دەبێت. هەروەکو چۆن توانیمان زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس کە بە شێوازێکی نایاسایی دوو مووچەی وەردەگرت چارەسەرمان کرد، بەشێکی دیکە دوو مووچە وەردەگرن، بەڵام بە شێوازێکی یاساییە بۆ نموونە، مووچەی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان کە بەپێی یاسا دەتوانن ئەگەر فەرمانبەر بن، مینحەی شەهیدانیش وەربگرن، نزیکەی ١٣ هەزار فەرمانبەریش کە پەککەوتە و خاوەن پێداویستیی تایبەت بوون و کەم ئەندام بوون، دەتوانن سوودمەند بن لە کاروباری کۆمەڵایەتی، کە پێداویستیی زیاتریان هەیە لە خەڵکی ئاسایی و وەکو دەرماڵە وەری دەگرن. لە ئێستادا ئاڵوگۆڕی داتا هەیە لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی و دوو مووچەیان هەیە لە هەردوو حکومەت، یان سوودمەندبوون لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، پێکەوە بە هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا چوارچێوەی یاسایی بۆ

گوڵان

١٩٠

١٩٠ پارتی دیموكراتی كوردستان
كاندیدی ژمارە
٥٢
ئارامی و ئاوەدانی
پێكەوەیی و خۆراگری
د. گۆران مامند مەمیخەلی

١٩٠ پارتی دیموكراتی كوردستان
كاندیدی ژمارە
٥٣
ئارامی و ئاوەدانی
پێكەوەیی و خۆراگری
كوردۆ ئەحمەد بلباس

١٩٠ پارتی دیموكراتی كوردستان
كاندیدی ژمارە
٥٤
ئارامی و ئاوەدانی
پێكەوەیی و خۆراگری
گەشاوە شەهید ئازاد قەرەداغی



دادەنرێت بە شێوازێك، كە گشت مووچەخۆرانی هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی یاسادا ئیمتیازاتەكانی خۆیان وەربگرن.

*** لە ئێستادا لە چوارچێوەی دەستووردا دەسەڵاتە ئیتحادییەكان و دەسەڵاتی هەرێم چۆن ڕێك خراوە؟ كامەیان دەسەڵاتی فیدراڵییە و كامەیان دەسەڵاتی هەرێمە؟ ئایا هەنگاوەكانی چارەسەركردنی كێشەكان لەگەڵ بەغدا بەكوێ گەیشتووە؟ ئایا مووچەخۆران دەتوانن دڵنیا بن لەوەی مانگانە بە ڕێكوپێكی مووچەكانیان بۆ دێت؟**

- دیدگە و بەرنامەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەهێزكردنی ژێرخانی ئابووری و گرنگیدان بە كار و بژێویی ژیانی خەڵك و دابینكردنی مووچە و بوودجە و شایستە داراییەكانی خەڵكی كوردستانە لە بەغدا، هەر لەم ڕوانگەیەوە دیدگەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر ڕوون بوو، ئەویش ئەوە بوو بەسەر هەموو ئەو ئالنگارییە سیاسی و ئابوورییانەدا زاڵ بین كە ڕێگر بوون لە بەردەم بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا. لە بیرمە یەكەم پرسیاری جەنابیان بریتی بوو

١٩٠




لەوەی لە چوارچێوەی دەستووردا دەسەڵاتە ئیتحادییەکان و دەسەڵاتی هەرێم چۆن ڕێك خراوە؟ کامەیان دەسەڵاتی فیدراڵییە و کامەیان دەسەڵاتی هەرێمە؟ ئەمەش دەبێتە بنەمای سەرەکیی پەیوەندیی نێوان ئێمە و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، تاوەکو مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بپارێزێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ، وردیی دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە تەنیا لە چوارچێوەی چەند کێشەیەکی دیاریکراودا نییە و ئاڵۆزە، هەر ئەمەشە وای کردووە، ئەم کێشانە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی سیاسیدا نەبێت کە دواتر جێبەجێ نەکرێت، بەڵکو پێویستە بخرێتە ناو چوارچێوەی دەستووری و یاسایی و دەستنیشانکردنی وردەکارییەکانی ئەم کێشەیە لە ڕووی تەکنیکییەوە، تاوەکو ئەم کێشانە تەنیا نەکرێنە پرسێکی سیاسی، بەڵکو لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا و لایەنی تەکنیکی و پرسە سیاسییەکانیشدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لەمەشدا بە ڕێنمایی و ڕاسپاردەی بەڕێزیان توانیمان کێشەکان لەسەر ئاستی سێکتەر و وەزارەتەکان دەستنیشان بکەین. بۆیە سێکتەری نەوت و تەندروستی و بازرگانی و پیشەسازی و دارایی و مووچە هەنگاوی باشی بۆ نراوە و، نزیکەی ١١٠ کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا دەستنیشان کراون و ڕوونکردنەوەی پێویست بە سەرۆك وەزیران دراون و کارکردنی تیمەکان و لیژنەکانیش هەمووی لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە چوون. بە خۆشحاڵییەوە زۆر لەو کێشانە بە شێوازێکی یاسایی و تۆکمە هەنگاوی چارەسەرکردنی بۆ نراوە، تا دوا جار لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی نێوان ئەنجومەنی وەزاریی ئابووری









١٩٠

١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٥٨
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
معصومه صالح محمود
(مامز هەرکی)

١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٥٩
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
د. مەهاباد سەعدی عەلی
(د. مەهاباد زێدبەگی)

١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٦٠
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
دوریا ئەنوەر صدیق
(ناودەشتی سۆران)




و ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان چەندین بڕیار دەرچوون، کە ڕەنگدانەوەی بۆ سەر مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان و پرسەکانی میلاکات و پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ هەبووە، تەنانەت پاڵپشتییەکانی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە بەو ئاراستەیەدا چووە، کە ویست و نییەتێك هەیە بەوەی عێراق وەکو دەوڵەتێك بگەڕێتەوە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، لەم ڕوانگەیەوە کارەکانی خۆی بکات، لەم پێناوەشدا پرسی سپیکردنەوەی پارە و ڕووبەڕووبوونەوەی تەمویلکردنی تیرۆر و چەندین بابەتی دیکە لەو تەوەرە هەستیار و گرنگانە بوون کە سەرۆك وەزیران جێبەجێی کرد و، پێویست بوو ئێمەش لە هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکەین، لەم پێناوەدا زۆر بە وردی لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق کارمان لەسەر کرد، تاوەکو بتوانین ئاستی عێراق بگەیەنینە ئاستی نێودەوڵەتی. بەگشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ تا دێت بەهێزتر دەبێت، ئەمەش بۆ ئیرادە و خۆڕاگریی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و تیمەکەی دەگەڕێتەوە، کە توانرا بەسەر زۆربەی کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بین و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق ڕوو لە باشی بکات. بە خۆشحاڵییەوە لە لایەن محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقیشەوە ویستی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و بەهێزبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە، ئەمەش هەلێکی زێڕینی بۆ ڕەخساندین، تاوەکو لەسەر ئاستی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی عێراق هەنگاوەکان زۆر بە باشی بچنە پێشەوە.

بە خۆشحاڵییەوە سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان خۆڕاگر بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەكان و هەموو ئەو قەیرانە سەخت و دژوارانەی لە تەمەنی كابینەكەدا تووشی بوون، هەر لە قەیرانی پەتای كۆرۆنا و بڕینی بوودجە و مووچە و دابەزینی بەهای نەوت و دەیان كێشەی دیكەی وەك وشكەساڵی و لافاو و تیرۆر. بەڕاستی هەروەكو جەنابی سەرۆكی حكومەت ئاماژەی پێ دا، بە پاڵپشتی خودای گەورە و هاوكاری و خۆڕاگریی خەڵكی كوردستان بەسەر ئەو كێشە گەورانەدا زاڵ بووین، خۆڕاگریی سەرۆك وەزیران و پاڵپشتی و ئەو جۆرە متمانەیەی نێوان هاووڵاتیان و حكومەت بوو، وای كرد بەسەر هەموو ئالنگاری و قەیرانانەدا زاڵ بین و لە چاكسازییەكان بەردەوام بین، كە خەڵكی كوردستان بەردەوام داخوازییان ئەوەیە ئەو هەڵە و كەموكورتییانەی هەیە، لە چوارچێوەی سیستمدا چارەسەر بكرێن.

لە ئێستادا دوای ڕێكخستنەوەی پرسی مووچە و بەدیجیتاڵكردنی پرسی مووچە، كە لە چوارچێوەی چاكسازییەكی گشتگیردا جێبەجێ كرا، چیتر هیچ دەرفەتێك نادرێت بە گەندەڵی و هەڵە و بە مزاجی شەخسی مامەڵە لەگەڵ پرسەكاندا بكرێت، ئەمەش هەمووی لەپێناو خزمەتكردنی هاووڵاتیاندایە، هەڵبەتە ئەمەش بە دڵی ئەوانە نەبووە كە ساڵانێكە سوودمەند بوون لەو هەڵە و كەموكورتی و گەندەڵییانە، بەڵام لە ئێستادا پرسی مووچە بە چاكسازی و هەوڵە بەردەوامەكانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر چووەتە پێشەوە، ڕاستە ڕێگری لە بەردەم جێبەجێكردنی پرۆسەی چاكسازیدا هەبووە، بەڵام هەر خۆی لە خۆیدا ڕاستكردنەوەی هەڵە و كەموكورتییەكانی ساڵانی پێشوو كارێكی وا ئاسان نەبووە، بەتایبەتی كە كەسانێكی دەستڕۆشتوو لە بەرژەوەندییان دەدرێت.

*** وەكو فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، هەڵبەتە لە نزیكەوە ئاگاداری زۆر لە كێشە خزمەتگوزارییەكان و هەنگاوەكانی چارەسەركردنیانن. ئایا بابەتی كێشەی كارەبا و ئاو و چ هەنگاوێكی بۆ هەڵگیراوە، تاوەكو چیتر ئەم كێشەیە نەبێتە كێشەیەكی بەردەوام؟**

- كێشەی ئاو و كارەبا كێشەیەكی ئاڵۆزە و ساڵانێكی زۆرە هەیە، تا دێت خواست و پێداویستییش لە هەڵكشانێكی بێ وێنەدایە، ئەگەر سەیری شارێكی وەكو هەولێر بكەین كە زیاتر لە ١٠٠٠ بیری ئاوی خواردنەوەی تێدایە، بە هۆی زۆر بەكارهێنان و كێشەكانی وشكەساڵی و گۆڕانكاریی كەشوهەواوە ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەك دادەبەزێت، كە كاریگەریی لەسەر وشكبوونی بیرە ئاوەكان هەبووە، بەتایبەتی بەكارهێنانی ڕێژەیەكی زۆری بیر بۆ كشتوكاڵ، بۆیە لەم كابینەیەدا بیر لەوە كرایەوە كە نەك هەر تەنیا پشتبەستن بە ئاوی ژێر زەوی كەم بكرێتەوە و پارێزگاری لەم سامانە گرنگە بكرێت، بەڵكو ئیرادەش هەبوو بەوەی پرۆژەیەكی گەورەی ئاوی خواردنەوە لە زێی گەورەوە بۆ شاری هەولێر ڕابكێشرێت، كە هاوكاتە لەگەڵ دروستكردنی ڕێژەیەكی زۆری بەنداو و پۆند لە دەوروبەری شاری هەولێر و بگرە لە سەرانسەری هەرێمی كوردستان، چارەسەری ئەم بابەتە بە ڕۆئیا و بۆچوونی سەرۆك وەزیران چارەسەر دەكرێت، چونكە پێشبینیی كەشوهەوا و بارانبارین ڕوون نییە و ڕەنگە گۆڕانكاریی كەشوهەوا و وشكەساڵی و تێكچوونی ڕیتمی بارانبارین بەردەوام بێت و مەترسیی گەورەی لێ بكەوێتەوە، بۆیە ئەو تیمەی لەگەڵ سەرۆك وەزیران كار دەكات، لە ڕووی پراكتیكییەوە بە دیراسەی زانستیی ورد، كاری گەورە و ستراتیژیی گرنگیان جێبەجێ كردووە، ئەم پرۆژانەش بەردەوام دەبن، چونكە ژێرخانێكی ئابوورییە بۆ نەوەی داهاتوو.














*** زۆرجار گلەیی لەوە دەکرێت، گوایە ناوچەیەك زیاتر گەشەی کردووە لە ناوچەیەکی دیکە، ئەمە تاچەند راستە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی وا بووە، گەشەپێدان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێکەوە ئەنجام بدرێت، بنەمای سەرەکیی گەشەپێدانیش رێگەوبانەکان و گرنگیدان بوو بە پەرەپێدانی مرۆیی و دواتر ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، دواتر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو، بەتایبەتی لە راگەیاندنی ئیدارە سەربەخۆکان کە لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیران بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و راپەڕین و سۆران و چەندین قەزا و ناحیەی نوێ دەرکران، بۆ ئەوەی ئیدارەی حکومەت بگاتە ئەم ناوچە دوورەدەستانە و باشتر خزمەتی هاووڵاتیان بکرێت.

سەبارەت بە چاکسازی و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێستا (٣٧٣٠) مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا بەخۆشحاڵییەوە ژێرخانی کارەبامان گەیشتووەتە سەرووی (٧٦٠٠) مێگاوات، هاوکات لەم کابینەیە زۆر جەخت لەسەر وێستگەکانی گواستنەوە و هێڵەکانی پاڵەپەستۆی بەرز کراوەتەوە و بە دەیان وێستگەی نوێی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا لە شار و شارۆچکەکان دامەزراون و بەرەو بونیادنانەوەی ژێرخانی کارەبا هەنگاوی گەورە نراوە، لەمەش زیاتر سەرکەوتنی دانانی پێوەری زیرەك بۆ یەك ملیۆن و ٣٤٥ هەزار هاوبەشی کارەبا بوو، پرۆژەکەش بەردەوامە بۆ ئەوەی بۆ یەك ملیۆن و ٨٨٥,٢٧٠ هاوبەش پێوەری زیرەك دابنرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی تەنیا لەم کابینەیەدا ٤٣٦,٩٨٠ هاوبەشی نوێ زیاد بوون، بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە لە چەندین گەڕەك و سیتیی نیشتەجێبوون و بازاڕ پێوەری زیرەك دانراون کە زیاتر لە (٦٠,٠٠٠) هاوبەش بریپەیدی بۆ دانراوە و کارەبای ٢٤ کاتژمێرییان هەیە، ئەم پرۆژە و کارانەش بە هاوتەریبی یەکتر بەرێوە دەچێت، بۆیە وەکو تێست و پرۆژەیەکی ئەزموونیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا لە چەند گەڕەکی هەولێر جێبەجێ کراون و بەرەو سەرتاسەری هەرێمی کوردستانیش هەنگاو دەنرێت.

**١٩٠**

**لیستی پارتی**
**دیموکراتی کوردستان**

# دەنگدان بە لیستی (١٩٠)
# دەنگدانە بە پێکەوەژیانی
# مێژوویی لە شاری هەولێر



١٩٠

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# پارتی لەکوێ بێت،
# ئاوەدانی لەوێیە



١٩٠



وارشین سلێمان

قایمقامی ئامێدی بۆ گولان :

# لە کابینەی نۆیەمدا لە ئامێدی و سنوورەکەی ٣٣١ پرۆژە بە بڕی زیاتر لە ٤٠١ ملیار دینار جێبەجێ کراوە

## هاووڵاتیانی ئامێدی ٢٤ کاتژمێر کارەبای بەردەوامیان هەیە و هەرچی مولیدە هەبوو هەڵگیران

## وێستگەیەکی هایدرۆپاوەری کارەبا بە بڕی ١٤٨ ملیار دینار لە دێرەلوک دروست کراوە










١٩٠










## لە ئایندەیەکی نزیکدا نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی ئامێدی تەواو دەبێت کە بڕی زیاتر لە ٤٣ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کراوە

---

## بۆ یەکەم جار بەرهەمی سێوی بەروارییی باڵا لە دەڤەری ناحیەی کانی ماسی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە کرا

---

## لە کەرتی گشتیاریدا لە ڕێگەی چەند پرۆژەی جوان و پێویستەوە بۆ گەشتوگوزاری زیاتر لە ٢١ ملیار دینار خەرج کراوە

---

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردە و کارە بەردەوامەکانی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ شوێنێکی دوورەدەست و ئیدارەیەکی سەربەخۆ و شارۆچکە و شارەدێیەکی هەرێمی کوردستان نەماوە، دەستی ئاوەدانی پێ نەگەیشتبێت. گۆڤاری گوڵان لە زنجیرە دیدارەکانیدا لەگەڵ پارێزگارەکان و لێپرسراوی ئیدارە سەربەخۆکان و بەرپرس و بەڕێوەبەری شارۆچکە و شارەدێیەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم ژمارەیە ئامێدی بەسەر کردەوە، کە ٢٨٪ی ڕووبەری پارێزگای دهۆك پێك دەهێنێت، کە لە سەنتەری شارۆچکەکە و شارەدێیەکانی «دێرەلوك و شێلادزێ و سەرسەنگ و بامەڕنێ و کانی ماسێ و چەمانکێ» و ٣٥٦ گوند پێك هاتووە. مێژووی ئامێدی زۆر کۆنە، بەپێی ئەو شوێنەوارانەی لە سنووری ئامێدی هەن، مێژووەکەی بۆ ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، مەزنترین شوێنەوارەکانیش دەکەوێتە ناو سەنتەری شارەکە، کە (قوتابخانەی قوبەهان، دەرگای بادینان،کۆرێ سیریچێ، شارۆچکەی سوڵتانە، مزگەوت و کەنیسەی کەون) دیارترین شوێنەوارەکانیەتی. ژمارەی دانیشتووانی ئامێدی لە وەرزی هاوینانداا بۆ زستان دەگۆڕێت بە هۆێ ئەو کەشوهەوایەی هەیەتی، لە هاویندا ژمارەی دانیشتووانەکەی ١٨٠ هەزار کەسە و لە زستاندا لەبەر سەرما بۆ ١٤٠ هەزار کەس کەم دەبێتەوە. جوگرافیا و سرووشتی ئامێدی جگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی و باخدارییە، ناوچەیەکی گەشتیارییشە و زۆر خۆش و دڵڕفێنە. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی، لە سێکتەرە جیاجیاکاندا بەتایبەتی لە لایەنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە چەندین کار و پرۆژەی بۆ ئەم دەڤەرە ئەنجام دراون. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ وارشین سلێمان قایمقامی ئامێدی ئەنجام دا.



*** کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـەرجەم ناوچـە جیاجیاکانـدا گرنگییەکـی زۆری بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی ئـاوی خواردنـەوە داوە، ئایـا بـۆ ئامێـدی و سـنوورەکەی چ پرۆژەیـەك ئەنجام دراوە؟**

- بـۆ چارەسـەری کێشـەی ئـاوی خواردنـە لـە قـەزای ئامێـدی، مەزنتریـن پـرۆژەی ئـاوی خواردنـەوە جێبەجێ کـراوە، ئـەو پرۆژەیـە وای کـردووە سـەنتەری قـەزا و ناحییەکانـی «شـێلادزێ و دێرەلـوك و بامەڕنـی و سەرسـەنگ» و چەندیـن کۆمەڵگـەی لـەو سـنوورە هیـچ بیرێکـی ئیرتیوازیـی ئـاوی خواردنـەوە کاری پـێ ناکرێت، بەڵکـو هەمـوو ئـەو سـنوورە بەرفراوانـە پشـت بـە ئـەو پـڕۆژە سـتراتیژییەی ئـاوی خواردنـەوەی ئامێـدی دەبەسـتن، کـە سـەرچاوەکەی لەسـەر زێیـە لـە ناحیـەی دێرەلـوك، کـە بـڕی ٩١ ملیـۆن دینـاری تێـدا خـەرج کـراوە. لـە دوو سـاڵی ڕابـردوودا ئـەو پرۆژەیـە کاری باشـی تێـدا کـراوە بـۆ ئـەوەی قەبـارە و بـڕی بەرهەمهێنانـی ئـاوەکـە زیاتـر بێـت و کێشـە و گرفتـی بـۆ دروسـت نەبێـت. دەتوانیـن بڵێیـن لـە سـێکتەری ئـاوی خواردنـەوەدا لـە قـەزای ئامێـدی و سـنوورەکەی لـە سـایەی ئـەو پـرۆژە سـتراتیژییەوە هیـچ کێشـە و گرفتێکـی بـێ ئـاوی، یـان کەمئـاوی بـۆ هاووڵاتیـان دروسـت نەبـووە، سـەرەڕای ئـەوەش هـەر کـۆڵان و گـەڕەك و شـوێنێك پێویسـتی بـە گـۆڕیـن، یـان درێژکردنـەوەی تـۆڕی ئـاوی خواردنـەوە هەبووبێـت، بۆیـان جێبەجـێ کـراوە .

*** مسـرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی کوردسـتان سـەردانی ئامێدیـی کـرد و لـەو سـەردانەدا چەندیـن پـرۆژەی خزمەتگوزاریـی بـۆ خەڵکـی ئامێـدی کـردەوە و بـەردی بناغـەی بـۆ چەنـد پـرۆژەی دیکـەش دانـا، دەکرێـت بزانیـن گرنگترینـی ئـەو پرۆژانـە چـی بـوون کـە لـەو سـەردانەیدا گرنگیـی پـێ درا؟**

- لـە دەسـتپێکی کابینـەی نۆیەمـدا جەنابـی سـەرۆکی حکومەتـی کوردسـتان سـەرادنی ئامێدیـی کـرد و کۆبوونەوەیەکـی گرنگـی لەگـەڵ هەمـوو یەکـە کارگێڕییەکانـی قەزاکـە ئەنجـام دا و دەسـتکەوتێکی زۆری لـێ کەوتـەوە، چونکـە لـە کۆبوونەوەکـەدا جەنابـی سـەرۆکی کابینـەی نۆیـەم ڕەزامەندیـی لەسـەر کۆمەڵێـك پـڕۆژە لـە سـێکتەرە جیاجیـاکان دا، یەکێـك لـەو پـڕۆژە گرنـگ و سـتراتیژییانە کـە پێـش سـێ سـاڵ کەوتـە بـواری

١٩٠









١٩٠












جێبەجێکردنەوە، پرۆژەی نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی و گەورە و فراوان بوو، کە هەموو بەش و یەکەیەکی پزیشکی و پێداویستیی تەندروستی لەخۆ دەگرێت، لە ئێستادا پرۆژەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە کار و لە خزمەت هاووڵاتیانی سنوورەکەدا دەبێت، کە بڕی زیاتر لە ٤٣ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کراوە.
بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرۆژانەی کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا لە ئامێدی ڕەزامەندیی لەسەر داوە، بریتی بووە لە ٣٣١ پرۆژەی جۆراوجۆر لە هەموو سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریدا، کە بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو پرۆژانە زیاتر لە ٤٠١ ملیار دینار بووە، ئەو پرۆژانەی کە ئاماژەمان پێدان، ژمارەیەکی زۆریان جێبەجێ کراون و ژمارەیەکیان لەژێر ئەنجامدانن و ژمارەیەکیشیان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چوونەتە ژێر کارکردنەوە.

*** ئایا پرۆژەکانی ڕێگەوبان، بەتایبەتی پرۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان چین کە لەو چەند ساڵەی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا جێبەجێ کراون؟**

- ئەو پرۆژە گرنگانەی کە لەم کابینەیەدا لە کەرتی ڕێگەوبان چارەسەر کراون، دروستکردنی ڕێگە وبانی قەزاکە و چارەسەرکردنی تۆڕی ڕێگەوبانی گوندەکانی سنوورەکەیە، کە چەندین ساڵ بوو هاووڵاتیان بە دەستییەوە گرفتار بوون. دووەم کار و پرۆژە قیرتاو و کۆنکرێتکردنی هەموو کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکەکانی ناو سەنتەری قەزاو ناحییەکانە، ئەم پرۆژانەش وای کردووە، جگە لەوەی دیمەنی جوانی بە قەزا و ناحیە و گەڕەکەکان داوە، بووەتە ئاسانکارییەکی زۆر باش و سەردەمییانەش لە هاتوچۆی هاووڵاتیاندا، ئەو پرۆژانەش کە ڕەزامەندی لەسەر دراوە لە کەرتی کارەبادا، وای کردووە ئەگەر گوندێك تەنیا یەك ماڵیش بێت تۆڕی کارەبای بۆ چووە، بەمەش هیچ گوند و شوێنێك نەماوە لە سنووری ئامێدی کارەبای نیشتمانیی بۆ نەچووبێت. بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری و بەرهەمهێنانی کارەباش، لە ڕێگەی ئاو، وەزارەتی کارەبا وێستگەیەکی هایدرۆپاوەری لەسەر زێی مەزن لە ناحیەی دێرەلوك دروست کردووە، کە ٣٧ میگاوات کارەبای خاوێن و دۆستی ژینگە بەرهەم دەهێنێت، کە بڕی زیاتر لە

١٩٠



١٤٨ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە و چونکە سوتەمەنی ناوێت، هەموو ئەو پارەیەمان بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها لەلایەن وەزارەتی کارەباوە کارێکی زۆر باش بۆ ئامێدی کراوە، ئەویش پێدانی کارەبایە بە هاووڵاتیانی سەنتەری قەزاکە بە سیستمی پریپەید کە ٢٤ کاتژمێر کارەبا بەردەوامە و نابڕێت، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە و گرنگی کابینەی نۆیەمە بۆ هاووڵاتیانی قەزاکەمان. لە کەرتی گشتوگوزاردا کە سنووری ئامێدی سنوورێکی پێشەنگە لەو کەرتەدا گەشەیەکی زۆر و بەرچاوی لەو کابینەیەدا بەخۆیەوە دیتووە، چونکە لە کەرتی گشتیاریدا لە ڕێگەی چەند پڕۆژەی جوان و پێویستەوە بۆ گەشتوگوزاری زیاتر لە ٢١ ملیار دینار خەرج کراوە، لەو پڕۆژانەش کۆڕنیش لە ناحیەی شێلادزی کە جوانییەکی زۆری بەو ناوچەیە داوە و پڕۆژەی ڕێگەی دەوروبەری گەلی ئامێدی کە پڕۆژەیەکی گەشتیاری و شوێنەوارییە و خزمەت بە کەرتی گەشتیاری و شوێنەوارەکانی ئامێدی دەکات، چونکە ئەو ڕێگەیە شوێنەوارەکانی قەزاکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها پڕۆژەی ڕێگەی هاتوچۆکردنی پیادە بۆ هاووڵاتیان و ئەو گەشتیارانەی سەردانی سەرسەنگ دەکەن لە ناحیەی سەرسەنگ دروست کراوە و، هۆکارێکە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران لەسەر ناوچەکە، لە ڕووی ڕووناکی و چاککردنی کێشەی محاویلە و هەر گرفتێکی کارەباشەوە کە هەبێت لە ڕێگەی وەزارەتی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتیی کارەباوە چارەسەر کراون. لە ناحیەی چەمانکێ دروستکردن و بەیەکگەیاندنی چەند شوێنێکی گەشتیاری جێبەجێ کراوە و لە بەرنامە و پلاندایە کە لە گوندی کەونی بامەڕنێ ڕێگەی پیادە دروست بکرێت بۆ هاتووچۆی گەشتیاران بەشێوەیەکی ئاسان. پڕۆژەیەکی مەزن لە گوندی سیلاڤی لە سنووری ناحیەی بامەڕنێ کە ئەویش پردێکی مەزنە دروست دەکرێت، ئەمەش پڕۆژەیەکی گرنگە لەو سنوورە لەسەر ئاستی گەشتیاریدا، کەرتی پەروەردەش لەو کابینەیەدا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، بۆ ئەوەی هەر کێشەیەکی هەبێت کۆتایی پێ بێت، لەو سێکتەرەشدا زیاتر لە ٣٢ ملیار دینار خەرج کراوە، ئەو بودجەیەش لە دروستکردنی چەندین قوتابخانەی ١٨ و ١٢ پۆلی و زیاتر لە ٢١ قوتابخانە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبووە، کاریان بۆ کراوە، ئێستاش چەندین قوتابخانە کاری نۆژەنکردنەوەیان تێدا بەردەوامە.










١٩٠












*** ئایا لەم کابینەیەدا لە کەرتی کشتوکاڵ و باخداریدا چی کراوە، بەتایبەتی لە دروستکردنی جۆگەلەی ئاودێری و بەنداو و پۆند؟**

- ئامێدی و سنوورەکەی لە بواری باخداری و کشتوکاڵدا بەناوبانگە و خاکێکی زۆر و بەپیت و بەرەکەتی هەیە، بەڵام هەندێك گوند لەبەر بوونی چەکدارانی پەکەکە و پەلامار و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا ئاوەدان نەکراونەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە حکومەتی هەریم لەم کابینەیەدا گرنگیی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ لە سنوورەکەدا داوە و هاوکاریی زۆری جووتیار و باخدارنی کردووە، لە ڕووی ئاودێری و دروستکردنی پۆند لەو سنوورەشدا ڕەزامەندیی لەسەر شەش پۆند لە شوێنی جیا جیا دراوە، چوار لەو پۆندانە کاریان لەسەر دەکرێت و پۆندێکی گەورەو بەرفراوانیش لە سنووری ناحیەی کانی ماسێ کاری زۆری لەسەر کراوە. ئەو پۆندانە و چەندین جۆگەی ئاودێری لە سنوورەکە کە ڕەزامەندییان لەسەر دراوە، هەیانە لە ژێر ئەنجامداندان و زیاتر لە هەشت ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە. هەموو پڕۆژەیەك کە بۆ گوند و ناوچە کشتوکاڵییەکان لە هەر بوارێکدا بێت، هەر لە تۆڕی ئاو و کارەبا و ڕێگەوبان و ئاودێرییەوە گرنگیدانە بە کەرتی کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵداری، تێڕوانینی جەنابی سەرۆکی حکومەت لەو کابینەیەدا زۆر جوان و دیارە کە گرنگیی زۆری بە گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ داوە، هەموو ئەمانە وای کردووە لە ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەم جار بەرهەمی سێوی بەرواریی باڵا لە دەڤەری ناحییەی کانی ماسێ بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە کرا، کە ئەمە هاندان و پاڵپشتییەکی گەورە و گرنگە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و جووتیاران، لە ئەمساڵیشدا هەوڵی نووسینگەی تایبەتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەردەوامە بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمی جووتیاران، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، کە ئەویش بەرهەمی تەحینی ئامێدی و سێو و چەندان بەرهەمی دیکەیە، ئەو بڕە پارەی لە پڕۆژەکاندا بەگشتی کە خەرج کراون، بوودجەیەکی باش و هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی لە هەموو کەرتەکانی خزمەتگوزاریدا کەمترین کێشە و گرفت لە قەزاکە و سنوورەکەماندا هەبێت.

١٩٠

# هەڵبژادن و گرفتی ئەو دەنگدەرەی خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە



پ. د. شێرزاد نەجاڕ










**پێشەکی:**

مافی دەنگدان زادەی ئەو سەردەمەیە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە تا سەرەتای سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، کەچی لەم ڕۆژگارەی خۆماندا بووە بە کردارێکی هێندە باو، وای لێ هاتووە، وەك ئەوەی بە شێوەیەکی مکۆم پەیوەندیی بە دیموکراسی و سیاسەتەوە هەبێت. ئیدی کارتی دەنگدان، یان سندووقی دەنگدان، یان ژووری دەنگدان، بوونەتە هاوڕێ و هاودەمی دەنگدەر، تا ڕاددەی ئەوەی، بەدەر لەوان زەحمەتە وێنای هەڵبژاردن بکرێت.

لەم ڕۆژگارەدا، زۆربەی وڵاتانی سەرانسەری جیهان هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکەن (ئەمساڵ ٢٠٢٤ لە ٨٠ دەوڵەتدا هەڵبژاردن کراوە و دەکرێت)، بەڵام بۆی هەیە، ئەو پێشبڕکێی هەڵبژاردنە گەلێك کێشە و کەموکورتیی تێ بکەوێت (وەك ئەوەی پاك و بێگەرد نەبێت)، کە ڕەنگە ببنە هۆی داخوڕانی دەسەڵاتی دیموکراتی و گەلێك دەرەنجامی ناجۆریشی دەبێت، وێڕای توانای سڕینەوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی هەڵبژێردراو و پاشەکشەکردنی ڕازیبوون بە دیموکراسییەکە، متمانەی جەماوەریش بە حزبی سیاسی و پەرلەمان لە کورتی دەدات، ڕێژەی بەشداریکردنیش لە هەڵبژاردن کەم دەکاتەوە. خۆ ڕەنگە نارەزایی توندیش ئارامیی دەوڵەت بهەژێنێت، بەوەی ڕێکاری پەیوەست بە ناکۆکی بووە بە مایەی جۆرێك لە نائارامی. هەڵبژاردن و پێشبڕکێی فرەحزبی، بنەمای جەوهەری پرسی دیموکراسییە، بەوەی هاووڵاتی بە دەوڵەت دەبەستێتەوە، ئەو توانایەش دەداتە دەنگدەر

١٩٠










لە كاتی نارِازیبوونی، سەركردەی بێ جەماوەر دەر بكات. بەڵام كاتێك هەڵبژاردنی جێی مشتومڕ بە شێوەیەكی ترسناك خەوشدار بوو، یان تەنانەت شكست خواردوو بوو، ئیدی ئەم جۆرە میكانیزمە زۆر دوور دەبێت، لەوەی بەس بێت بۆ ڕزگاركردنی جیهان لە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ، یان بەرتیلخۆر، یان ناتوانا، ئەمەش هاووڵاتیی خاوەن ڕەخنە پاڵ پێوە دەنێت، بۆ ئەوەی پەنا بباتە بەر توندوتیژی، لە بری سندووقی دەنگدان. بەم جۆرە ڕیزبەندی زنجیرەی بەرەو ژووری پرسی هەڵبژاردن، كە هاووڵاتی و دەسەڵات پێكەوە دەبەستێتەوە، دادەخورێت، یان دەپچڕێت.

## مێژووی هەڵبژاردن

مێژووی هەڵبژاردن، پاڵپشت بە مێژوونووس و سیاسەتناسان، مێژوویەكی فرە ئاوازە، بەوەی پێكەوە دەژی و تێكیش دەئاڵۆسكێت. لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، هەڵبژاردن بووە بە كردارێكی باوی ئەوتۆ، بە ڕاددەیەك وەك ئەوەیە كە پەیوەندییەكی ئۆرگانیی بە دیموكراسییەوە هەبێت. هەڵبەت لە ڕووی مێژووییەوە بۆمان ئاشكرا دەبێت، هەڵبژاردن نەك هەر ئامادەیە و گومانیشمان لە بوونی نییە، بەڵكوو ئەو كۆمەڵێكی فراوان لە كردار و واتا دەپۆشێت. دەنگدان بە بەرزكردنەوەی دەست، بە بانگكردنی ناو، بە نامەنێری، بە بریكاری، یان بەم دواییە بە ئامرازی ئەلیكترۆنی و.. هتد. بە ڕەچاوكردنی ئەو هەموو ئەزموونە كۆمەڵایەتی و سیاسییە، چۆن دەتوانین بیر لە هەڵبژاردن بكەینەوە؟ مێژووی هەڵبژاردن بە كۆدەنگیی مێژوونووس و سیاسەتناسان، مێژوویەكی فرە دەنگە، بەوەی كردار و بەرجەستەییەكان پێكەوە هەڵدەكەن، ئەمانیش زۆر لەوە هەمەڕەنگترن بەو چەشنەی ڕەنگە هەڵبژاردنی هاوچەرخ بیخاتە ڕوو، لە شوێن و كاتیشدا ئاوێتە بە یەك دەبن.

## شرۆڤە پێكهاتەیەكی هەڵبژاردن

(For a configurational analysis of elections)

نوربرت ئیلیاس، سۆسیۆلۆگی ئەڵمانی (١٨٩٧- ١٩٩٠)، پاڵپشت بە ئەو پێكهاتە كۆمەڵناسییەی خۆی داینا، شرۆڤە نموونەیەكی بۆ توێژینەوە لە كرداری دەنگدان و ململانێی هەڵبژاردن دانا. سەرەتا ئەم چوارچێوەیە بۆ ڕاڤەكردنی مافی دەنگدان لە سەرژمێریی دانیشتووانی فەرەنسا ئامادە كرا، پاشان بە پێزتر كرا و دووبارە دارێژدرایەوە، بۆ ئەوەی توانای پتەوكردنی شرۆڤەی بەراوردكارانەی پێكهاتەگەلی هەڵبژاردنی هەبێت. سەرەنجام ئامانجی گشتی، بەرهەمهێنانی كۆمەڵناسییەكی سیاسییە، كە ئاوڕ لە دەستاودەستكردنی زانینی پەیوەست بە هەڵبژاردن دەداتەوە.

لەبەر ئەوەی بایەخی بە توێژینەوە لە پرۆسەی دوورمەودا دەدا، نوربرت ئیلیاس، هێندە بایەخی بە پێچ و پەنای كرداری هەڵبژاردن نەدەدا، واش دیارە، ئەو بۆ خۆیشی هێندە بایەخی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و پێشكەوتن و بایەخی سیاسییانەی نەدەدا، سەرباری سەرهەڵدانی.

كاتێك لە دوایین ساتەكانی ژیانی لە بارەی ململانێی سیاسی لە ئەڵمانیای سەرەتایساڵانی (٣٠)ی سەدەی بیستەم پرسیاریان لێ كرد، بە جۆرێك لە شەرمەوە ددانی پێدا نا، چونكە لە ساڵی ١٩٣٢دا دەنگی نەدا، گوتی: «زمانی سیاسەتمەداران زۆر ڕوون بوو، هێندەش دووپاتیان دەكردەوە و من بە درۆم دادەنان. لە پای هاوسۆزیمەوە زۆر بە گەرمی چووبوومە نێو شەڕی چەپڕەوانەوە، ئەو پەڕی تواناشم بۆ یارمەتیدانیان خستە گەڕ، بەڵام ئایدیۆلۆژیای چەپ واقیعی نەبوو. لە بنەڕەتدا، دیموكراتانی كۆمەڵخواز و

١٩٠

سەندیكاكانی –وەك باوكم- باوەڕیان بە دەوڵەتی یاسا هەبوو».

لە بارەی دووپاتكردنەوەی ئەوەی كە هیچ نا، خۆ دەنگدەران دەنگیان دەدا، ئیلیاس لە شێوەی پرسیارێك وەڵامی دانەوە: «ئەوكات وەهمێك دەبێت كە گوایە شتێكت كردووە؟» كەمێ دوورتر لەو ڕێڕەوەی ئەو سەردەم باو بوو، واتە لە كاتی دەسەڵاتی نازیدا، ئەوەشی گوت: «چیدی چوون بۆ دەنگدان شتە سەرەكییەكە نییە، زۆرتر بۆ ئەوە بوو، كە یارمەتیدەر بێت بۆ بەتاڵكردنەوەی باری سۆزەكە، نەك شتێكی دی».

ئەم بێباكییە ڕوونەی لە بارەی پرۆسەی دەنگدان واتای ئەوەی نەبوو، كە ئەو ئاوڕی لە ژیانی سیاسی لە وڵاتەكەی نەداوەتەوە، بەڵكوو ئیلیاس ڕوونی كردەوە و گوتی: «زۆر بە وردی بەدواداچوونم بۆ سیاسەت دەكرد».

وێڕای ئەوە، ئیلیاس كاری بۆ گەڵاڵەكردنی ئامرازگەلێك كرد بۆ شرۆڤەكردنی ململانێی هەڵبژاردن، واش دیارە كارەكەی گەلێك ڕەگەزی سەرەكیی تێدایە بۆ «شیتەڵی كۆمەڵایەتییانە بۆ سیاسەت»، بەكارهێنانی چەمكی «پێكهاتە: configuration» بۆ توێژینەوە لە كرداری هەڵبژاردن، خەسڵەتی ئەوەی هەیە، كە خۆی لە تەنیا پەیوەستكردن بە دوو چەمكی ناوەندی بۆ شرۆڤەی كۆمەڵایەتییانەی كرداری هەڵبژاردن (بازاڕ و سرووت: the market and the ritual) قەتیس ناكات، هەردووكیان هێڵە میتۆدیكی تاك واتا، بە شێوەیەكی زێدەڕۆیانە بۆ كێبڕكێی هەڵبژاردن پەسند دەكەن، یەكەمیان جەخت دەكاتە سەر كێبڕكێی هەڵبژاردنی هاوچەرخانە، دووەمیان بە هۆی شاشیی لە زانین و ئەو سنوورەی بۆ ڕاڤە دەیسەپێنێت.

ئەگەر ئەم بابەتە بۆ كۆمەڵناسیی سیاسی بگوازینەوە، ئەوا دەكرێت بەم جۆرە گوزارشتی لێ بكەین: هەر شرۆڤەیەكی بەراوردكارانە دەبێتە شرۆڤەیەك «وێڕای زانین، بە درێژی باسی ئەو هۆیە بكات كە وای لێ دەكات ئەمە بكات». زەحمەتە مۆركی ڕەگاژۆیانەی بشاردرێتەوە، ئەوەی پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ڕووداوەكانی مێژوو. سەبارەت بە پاول ڤاین(١٩٣٠- ٢٠٢٢)، لە ڕاستیدا، ئەم ڕووداوانە لە ڕێی چەمكەكانەوە ڕێك خراون. ئەم خۆرزگاركردنە لەو دابەشكارییەی سیستەمی زەمانی دەیسەپێنێت، واتە دانانی ڕواڵەتەكانی بەر لێكۆڵینەوە لە ڕێڕەوی خۆیاندا، ئەمەش تەنیا بە بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیەك باسی لێ ناكات، بەڵكوو بە گوێرەی چوارچێوەی شرۆڤەیەكی دینامیكی ڕێك دەخرێت، ئەمیش ملكەچی دانانی دیاردەكانە لە ڕێڕەوی توانای تێگەیشتن، كە زادەی وێناكردنی چەسپاوەكانە.

كۆمەڵناسی بە گوێرەی ئەو چەمكەی ئیلیاس دایهێنا، بە تەواوی لەگەڵ ئەم لۆژیكەدا سازە، لە ڕێی چەمكی پێكهاتەوە، بوارمان پێ دەدات، لێكۆڵینەوە لە كردارەكانی هەڵبژاردن بكەین، كە دەكرێت لە كۆمەڵگەكاندا تێبینی بكرێت، بەوەی هەڵبژاردن و كێبڕكێی هەڵبژاردن لە ڕووی سەربەخۆیی و فەرمییەوە سستە، دروست وەك حاڵەتی ئەو كۆمەڵگەیانەی ئەم پرۆسەیە توانیویەتی شێوەی دامەزراوتر لە ڕووی كێبڕكێی هەڵبژاردن لە نێو بواری دەسەڵاتدا، لە نێویاندا بچەسپێنێت.

چەمكی پێكهاتەی هەڵبژاردن، ئامانجی ئەوەیە ببێتە ئامرازێك بۆ بەراورد لە شرۆڤەی سیاسیدا، جا چ لە ئاستی هاوزەماندا، یان هەندێك كۆت و بەند.

پێكهاتە شرۆڤە هەوڵ دەدات دابڕان دروست بكات –هەندێ جار خۆجێیی، بڕێ جاریش جیهانی- لە هاوسەنگیی پەشێوی لە بنەچەی دووبارە پێكهاتنەوە –هەندێ جار پێ بەپێ، بڕێ جاریش كتوپڕ- بۆ پێكهاتەی هەڵبژاردن. سەرەنجام، لێكۆڵینەوە لە گواستنەوە لە پێكهاتەیەكەوە بۆ یەكی دی، بۆ تێگەیشتن لە پەرەسەندنی گشتیی








١٩٠










کردەی هەڵبژاردن، زۆر بەرهەمدارە. گۆڕان لە ڕەوشی حکومەت، یان گۆڕانی کردەکی لە ڕیسای گەمەکە، بەڵام هەروەها ئاڵوگۆڕی ناوخۆش، بۆی هەیە ببێتە هۆی، بەڵام بە زۆری بە شێوازێکی کەمتر ڕۆشن، کاریگەری لە نموونەی: زۆربوونی ژمارەی دەنگدەران، سەرکەوتنی پێشەنگانی کاری خۆجێ و.. هتد، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی توانای دامەزراوەکانی حزب، بۆ پێکهێنانی قۆرخێکی دەستەجەمعی بۆ دیاریکردنی کاندیدانی هەڵبژاردن، ئەمە پەرەسەندنی هەرە دیارە.

گرێدانی پێکهاتەگەلی هەڵبژاردن بەم شێوازە و بە چەشنێك لە پرۆسەی پەرەسەندن، بوار دەدات، دوور لە هەر حەتمی یان گردەبڕییەك، دینامیکێکی گشتیی خۆی بنوێنێ و شیاوی نموونەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و کێبڕکێکار بێت، کە لە پای ئامرازێکی دەنگدان و دەستەمۆکردنی دەنگدەرەوە، بە شێوەیەکی تایبەت سەپێندراوە. ئەو وەرچەرخانەی بووە بە تەوەری بایەخ پێدانی گەلێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە وڵاتانی باشوور، ئەمەش وای کرد، بازاڕێکی ڕاستەقینە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن پەیدا ببێت و بڕوانامە پێدانیان، بەوەی خاوەن بەرژەوەندیی دەرەکی، کە هەردەم دەرك بە ڕاستیی خۆجێیی ناکەن، دەبن بە بکەری سەرەکی لە گەڵاڵەکردنی بڕیارێك، گریمانە دەکەن کە لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتیدا کۆکە، واتە لەگەڵ شێوەی تازەی دامەزراوەکان.

پێکهاتە شرۆڤە خەسڵەتی وایە، ئەگەرە پەرەسەندنی دیکە پان ناکاتەوە و پێشەکیش ڕەتی ناکاتەوە، بەوەی کوێرانە پێگیری پاساوگەلی دیموکراسی بێت، کە بە دەم هەڵبژاردنی ئازاد و کێبڕکێکارانەوە باوە. ئەو شێوازەی ئیلیاس وێنای پەرەسەندنی پێکهاتەکانی پێ کرد، لەوە پاشگەزمان دەکاتەوە کە درێژە بەم شێوازە بدەین. ئەو دەڵێت: «لە زۆر حاڵەتدا —ئەگەر لە هەموو حاڵەتەکانیش نەبێت- نەرمونیانیی ئەو پێکهاتانەی مرۆڤ بە سایەی ڕایەڵی گەورەی پەیوەندییانەوە گەڵاڵەی دەکەن، تا ڕاددەی ئەوەی پێکهاتەی هەرە تازە، کە زادەی حاڵەتێکی دیاریکراوە لە پێکهاتەیەکی پێشوو، تەنیا وەرچەرخانێکە لە کۆمەڵێك ئەگەرە وەرچەرخانەوە، کە ئەو پێکهاتەی یەکەمە گرتبوویە خۆی».

ئەو پێکهاتانەی کە فرە پەشێون، وابەستەی هێزی دامەزراوەکانن، کە پتر مەزندە وایە کاری هەڵبژاردنی ئەو جێی پرسیار بێت بە ناوی «ئازادی» یان «دیموکراتی»یەوە. وێڕای ئەمە، ئەوە دووانەیەکە و بەم واتایە، ئەم پێکهاتەیە نموونەیەکی ناوەندگیرە، چونکە بە کردەنی کێبڕکێیەك لە نێو ئەو دووانەیەدا پارێزراوە، ئەو دووانەیەی پێ بە پێ بنیاد نراوە، بۆ بەدەنگەوەچوونی کۆت و بەندی پرۆسەی سەپێندراو، لە کۆتایی ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدەمەوە، لە ڕێی جۆشدانی ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر لە ڕووبەرێکی زێدە فراواندا، ئەمەش دەبێتە مایەی، کاتێك ئێمە بەم جۆرە ئەو دووانەیە ڕەچاو بکەین، ئەوا بە کردەنی بە سیستەمی هەڵبژاردنی ئازاد و کێبڕکێکارنە دەچێت.

پێکهاتە شرۆڤە، کە من لێرەدا ویستم مۆرکی نیشانەدەرانە، لە توێژینەوەی بەراوردکارانەی کردەکانی هەڵبژاردندا بخەمە ڕوو، پێگەیەکی دەگمەنی لە لای ئیلیاس هەیە. ئەمە چەکێك بوو دەکرا بە شێوەی هەمەجۆر بەکار بێت. «بە شێوەیەکی باش لەسەر گرووپگەلی نیمچە بچووکدا پیادە دەبێت، بە هەمان شێوە بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەشدا پیادە دەبێت، کە لە هەزاران، یان ملیۆنان گیانداری پێکەوە گرێدراو پێك هاتووە». دەکرێ پێکهاتە «تا ڕاددەیەك ڕوون بێت»، واتە دەکرێت بەم جۆرە لێی حاڵی بن، لە لایەن یاریزانانەوە، لە حاڵەتی پێکەوە گرێدانی دووسەرەدا، یان پێکەوە گرێدانی «بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی هەست پێ نەکراو»ەوە، سەرەنجام ئەم خەسڵەتی شیکارییە وا دەکات، زنجیرەی پێکەوە گرێدانی قەبارەی گۆڕاو لە ڕوانگەیەکی ڕاستەوە، بەر ئەگەر بێت، دواجار هەڵبژاردنێکی

١٩٠

جیاواز بێت وەك هەڵبژاردنی هیندستان، کە ٨١٤ ملیۆن دەنگدەری لە ساڵی ٢٠١٤دا خستە جووڵەوە، بە هەمان شێوە هەڵبژاردنی دەیان کەس لە هەڵبژاردنی سەرژمێریی دانیشتووان بۆ نوێنەرێك لە سەردەمی بەدەستهێنانەوەدا.

ئەم دیدگایە دوو خەسڵەتی سەرەکیی پێکهاتە دەخاتە ڕوو: هاوسەنگیی پەشێوییەکان و دابەشبوونی نایەکسانی دەرفەتەکانی هێزی. کاتێك هاوسەنگیی پێکهاتە، لە ڕووی دەرەوە، یان ناوەوە، ڕاست و هەموار دەکرێت، ئەگەری هەیە ئەم پێکهاتەیە بەرەو جۆرێکی دیکە لە پێکهاتە گەشە بکات. هەرچی دابەشکردنی دەرفەتی هێزی نێوان یاریزانانە، لەم حاڵەتەدا دەرفەتی خۆپالاوتن، ئەوا تەنیا پشت بە فیزیای کۆمەڵایەتی نابەستێت، کە ئامار بوار دەدات ڕۆشنایی بخرێتە سەر، ئەویش لەسەر بنەمای خەسڵەتی تاکایەتی (وەك خۆم دەنگ دەدەم)، بەڵکوو دروستتر وایە کە پشت بە دابەشکردنی کار ببەستین، کە دەبێت دینامیکییانە تێی بگەین، بە شێوەیەك کە ئیلیاس ناوی نا «توێژینەوەیەکی جینی بە پاشە گەڕانەوە»، ئەمەش شێوازێکە ناکرێ ڕاڤە بکرێت و لێی حاڵی بین، مەگەر بە ئاماژەکردن بۆ پەرەسەندنی ئەو پێکهاتانەی کە سەر بە خۆیانن.

کاتێك کار پەیوەست بە بەراوردی پێکهاتەکان دەبێت، هەر کارە دەبێتە بەر، ئەگەر لە کاتێك بەراورد لە حاڵەتی یەکەمدا لە باشترین حاڵەتەدا بێت، دەبێت مایەی ڕۆشنایی خستنە سەر جیاوازییە دامەزراوەکان، یان خستنە ڕووی دیدگایەکی کولتووری، جا بەراوردکردنی ئەم پێکهاتانە، کردەی هەڵبژاردن لە ڕوویەکەوە و لۆژیکی کاری یاریزانان لە لایەکی دیکەوە، دووپاتی دەکەنەوە. ئەو پەیوەستییانەی بەم شێوەیە ساز دەکرێن، هەرچەندە سەرەتا بە کتوپڕ دابندرێن، لەوە تێپەڕ ناکەن، کە تێگەیشتنمان لە چۆنیەتی داڕشتنی میکانیزمی هەڵبژاردن، لە ڕێڕەوی هەرە پەسند بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی پەرلەمانی بەهێزتر دەکات. ئەو ڕێڕەوانەی بۆ خۆیان کەوتوونەتە نێو کۆمەڵێك زنجیرەی درێژی زۆر پێکەوە گرێدراوی دووسەرەوە. هەروەها ئیلیاس ڕێچکەیەکی تەواوکارانەی توێژینەوەش پێشکەش بە پسپۆڕانی هەڵبژاردن دەکات: لێکۆڵینەوە لە درز (کەلێن) سەبارەت بە وڵاتێکی دیاریکراو دەکات، لە نێوان لۆژیکی کێبڕکێکارانەی هەڵبژاردن کە لە دەرەوە ڕا دەسەپێندرێت، ئەمەش بە زۆری لەم ڕۆژگارەدا ڕوو دەدات. هەروەها پرۆسەی شارستانیەت. ڕوونە کە ئەم درزە ئەمڕۆ بە لای پسپۆڕانی سیاسەتناسییەوە گرنگە، بەڵام شارەزایانی ئابووری لە پلەی یەکەمدا بە لای ئەوەدا دەچن، پێشینە بدەن بە چوارچێوەی شیکارانەی خۆیان لە بارەی سوودی هەڵبژاردن و خەرجییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەم چوارچێوە شیکارە خەسڵەتی فەرامۆشکردنی سکاڵای باوی ڕۆشنبیرانە لە بارەی وڵاتانی باشوورەوە هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگە ببێتە مایەی ملکەچکردنی توێژینەوە لە کردارەکانی هەڵبژاردن، ئەویش لە پای توانای ئەوە کە ببێتە بەشێك لە ڕێسای حوکمڕانیی هۆشمەند، بۆ کەمکردنەوەی توندو تیژی و ڕۆنانی سیستەمی نوێی کۆمەڵایەتی.

### کەموکوڕی و شکست هەڵبژاردن پووچەڵ دەکەنەوە

هەندێك لە کەموکووڕی و شکستەکان هەڵبژاردن پووچەڵ دەکەنەوە. زۆرجار، نارازییان دوور دەخرێنەوە و دەستکاریی سنووری ناوچەی هەڵبژاردن دەکرێت. بانگەشەکانی هەڵبژاردن بوارێکی نایەکسان بۆ حزبەکان دابین دەکات. میدیای سەربەخۆ بێدەنگ دەکرێت. هاووڵاتیان لەو بژاردانەی کە لەبەردەستیاندان بێئاگا دەبن. بە هۆی خوێنڕشتنەوە پرۆسەی دەنگدان پەکی دەکەوێت. سندوقەکانی دەنگدان پڕدەکرێنەوە. دەستکاریی ژماردنی دەنگەکان دەکرێت. حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان دەکشێنەوە. ڕکابەرەکان قبووڵکردنی بژاردەی گەل ڕەت دەکەنەوە.









١٩٠

نارەزایەتییەکان پرۆسەی دەنگدان پەك دەخەن. بەرپرسان سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت دەقۆزنەوە. تۆمارەکانی هەڵبژاردن کۆن دەبن. بەربژێران بە نهێنی کۆمەك دەبەخشنەوە، دەنگەکان دەکڕدرێن. بانگەشەکانی هەڵبژاردن بە پارەی نهێنی بەڕێوە دەچن. ڕێساکانی پارەدارکردنی سیاسی ئاسان دەبن. کارتەکانی دەنگدان لای بەرپرسانی ناکارامەی ناوخۆ نامێنن. بەربژێرانی ئێستا لەچاو ڕکابەرە کاریگەرەکان پارێزبەندییان دەبێت. گردبوونەوەکانی هەڵبژاردن دەبنە هۆی نانەوەی ئاژاوەگێڕی. بەربژێرانی ژن ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، کەمینە نەتەوەییەکانیش تووشی چەوسانەوە دەبن. ئامێرەکانی دەنگدان پەکیان دەکەوێت. ڕیزەکانی دەنگدان درێژتر دەبنەوە. مۆرەکانی سندوقی دەنگدان دەشکێن. هاووڵاتیان بە کارتێك زیاتر دەنگ دەدەن. یاساکان مافی دەنگدان پێشێل دەکرێن. ناوەندەکانی دەنگدان بەردەست نابن. بەرنامەسازییەکان پەکیان دەکەوێت. مەرەکەبی دەنگدان لە پەنجەکان لادەبرێن. دادگاکان بە بێلایەنی سکاڵاکان یەکلایی ناکەنەوە. دەکرێت هەریەکێك لەم کێشانە هەڵبژاردنێکی مشتومڕاوی بێننە ئاراوە، کە تەحەددای درێژخایەنی دادگا دەکەن، هەروەها بایکۆتی ئۆپۆزسیۆن، نارەزایەتیی گشتی، یان لە خراپترین حاڵەتدا، توندوتیژیی کوشندە بەرهەم دەهێنێت. لە هەندێك حاڵەتدا شکستەکان مەبەستدار دەبن؛ لە شوێنەکانی دیکەدا بە ڕێکەوت سەرهەڵدەدەن، هەرچەندە زەحمەتە کامیان دیاری بکرێت.

## کێشەی ڕەفتاری دەنگدەرانی دوودڵ

لە ڕاستیدا کێشەی ڕەفتاری دەنگدەرانی دوودڵ پێشتر بووەتە جێی مژارێك بۆ زۆر مشتومڕ و وتوێژ، بەڵام لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فیکری ئەم گرووپە هێشتا بە شێوەیەکی سیستماتیك ئەنجام نەدراوە. فەقیهی دەستووری فەرەنسی مۆریس دوڤێرجیە (١٩١٧-٢٠١٤) چەند گریمانەیەکی لەسەر پرسی دەنگدەرانی ڕاڕا خستەڕوو. تێبینی ئەوە دەکرێت کە جووڵاندنی یەك لەسەر دەی دەنگی ئینگلیزەکان بەسە بۆ گۆڕینی تەواوی ئاراستەی سیاسیی بەریتانیا. ئێستا بە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ئەم یەك لەسەر دەیە، بە قووڵی دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم یەك لەسەر دەیەی دەنگی ئینگلیز تەنیا بەشێکە لە دەنگدەران.

دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەم بەشە نوێنەرایەتیی زیندووترین و گەشەسەندووترین بەشی دانیشتووان دەکات، بەشێکە کە دواجار زۆرترین توانای کردەی سیاسی هەیە، هاوکات ئەو بەشەیە کە دەزانێت چۆن سوود لە وانەکانی ئەزموون وەربگرێت و دواتریش ڕەفتاری هەڵبژاردنی خۆی دیاری بکات، متمانەی خۆی دەدات بە حزبێك دوای چالاکییەکانی پێشووی و ملکەچی ڕەفتاری داهاتووی دەبێت، لە کاتێکدا نۆ لەسەر دەی ئەوەی ماوەتەوە بەهۆی وابەستەیی نەریتی خۆیان بە حزبێکەوە کە بە شێوەیەکی کردەیی دەستبەرداریان دەبن، ئامادە نین ئەنجامی ئەرێنی ببینن و دەنگ بدەنە هەر دەسەڵاتێك. بەڵام نووسەرانی دیکەش هەن کە بۆچوونی تەواو پێچەوانە دەردەبڕن. بۆ نموونە ڕامسای موير (Ramsay Muir)، وەك ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی وەك بڵاوبوونەوەی نامەکەی زینۆڤییێڤ Zinoviev چوار ڕۆژ پێش هەڵبژاردنی گشتیی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٤دا، توانی ئەوە بنووسێت کە دەنگدانی بەردەست the floating vote represented نوێنەرایەتیی لاوازترین و کەم خوێندەوارترین و کەمترین دانیشتووی دەنگدەران دەکات. ئەوانەی دەتوانن لێرە و لەوێ بکەونە حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێی کتوپڕ و دروشمی هەڵبژاردن و بانگەشەی چەواشەکاریی ناوزڕاندنی نهێنی یان بەڵێنی خەیاڵی ڕێبەرایەتی بکرێن. لە ئینگلتەرا گۆڕینی بەشێکی کەمی دەنگدەران ڕەنگە سەرکەوتن بۆ لایەنێك یان لایەنێکی دیکە بهێنێتە ئاراوە، لە کاتێکدا هەموو بۆچوونەکانی پیاوانی ماقووڵ کە ناتوانرێت بەم شێوەیە









١٩٠














مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت هیچ بەهایەکیان نابێت. نووسەرانی دیکەش بۆچوونگەلێکی هاوشێوەیان داڕشتووە. بەڵام پێدەچێت پێچەوانەی بیرو بۆچوون لەوەتەی ئەرستۆ (٣٢٢ پێش زایین کۆچی دوایی کردووە) لایەنگری زیاتری بەدەستهێنابێت.

ئایا تاقیکردنەوە ڕێگەمان پێدەدات لە نێوان ئەم دوو گریمانەیەدا یەکێك هەڵبژێرین، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەکە لەسەر ئاستی ئەزموونییەوە؟

پۆڵ لازارسفێڵد لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر کاریگەرییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە ناوچەی کەرتی ئێری لە باکووری ئەمریکا ئەنجام دا. بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، ئەو کەسانەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆچوونەکانیان گۆڕیوە، زیاتر لەو گرووپە دەنگدەرانە بوون کە سەبارەت بە سیاسەت پەرۆش و هاندراو بوون. ئەمانە ئەو دەنگدەرانەن کە کەمترین گرنگییان بە هەڵبژاردن و ئەنجامەکانیان داوە. ئەوانەی کەمتر گرنگییان بە گفتوگۆی سیاسی دەدا. ئەو کەسانەی بۆچوونێك پێکدەهێنن و لە کۆتا خولەکدا بڕیار لەسەر دەنگەکانیان دەدەن، ئەوانە زۆرجار ئەو کەسانەن کە ڕایەك پێکدەهێنن، لە ساتی کۆتاییدا بڕیار لە دەنگدان دەدەن و دەکەونە ژێر هۆکارگەلی دەرەکی، بۆ نموونە، کاریگەریی کەسێکی نزیك لە خۆیان. لازارسفێڵد دەڵێت: ئەم ئەنجامە چاوەڕواننەکراو

١٩٠












بوو، چونكە شارەزایانی سیاسی زۆرجار لە كاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا دەیانگوت دەنگدەرێكی زیرەكتر و ئارەزوومەندتر دەنگ بە بەربژێرێك بەسەر بەربژێرێكی دیكەدا دەدات، لەمیانی ئاشنابوونی زیاتر بە بەرنامەكەیان. لە ڕاستیدا كەم كەس بەپێی ئەو شێوازە چەقبەستووە هەڵسوكەوت دەكات. پێوەری دەنگدەرێكی دیموكراسیخوازی عەقڵانی و دەستپاك دەنگدەرێكی بێلایەنە كە ڕاستگۆیانە هەوڵ دەدات دەرئەنجامەكانی دەنگەكەی هەڵسەنگێنێت و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی هەموو وڵاتەوە حوكم لەسەر بەهای بەربژێرەكان بدات.

لازارسفێڵد ڕای وایە كە ئەو كەسانەی لە كۆتا ساتدا بۆچوونێك پێكدەهێنن، زیاتر بەپەرۆشن، ئایا ئێمە ئەو كاتە وا دابنێین كە زۆرینەی ئەو كەسانەی پێش دەستپێكردنی بانگەشەی هەڵبژاردن و ئەو پڕوپاگەندە چڕانە حزبەكانیان گۆڕیوە، ئەو كەسانە بوون كە لە چاو ئەوانی دیكەدا گرنگییان زیاتر بە پرسە سیاسییەكان داوە؟ پێناسەكردنی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەڵام دەتوانین بە بەراوردكردنی توێژینەوەكانی هەڵبژاردن كە لە شوێنی جیاواز و لە كاتە جیاوازەكاندا ئەنجامدراون، بە ڕوونیتر ببینین. زۆرێك لە لێكۆڵینەوەكان لەسەر ڕەفتاری دەنگدان لە ئەمریكا و ئەوروپا ئەنجامدراون، ئەمەش لەژێر

١٩٠

بارودۆخێکی ئەوەندە جۆراوجۆردا بووە کە بە ئاستێکی باش ڕێگە بە لانیکەم هەندێك هەوڵی گشتاندن بدرێت.

سەرەتا دەتوانین لە خۆمان بپرسین دەربارەی بنەما تیۆرییەکانی ئەم جۆرە گشتاندنانە. لە توێژینەوەیەکدا کە لە کۆنفرانسی ئەمریکی بۆ توێژینەوەی ڕای گشتی پێشکەشکرا، ستیوارت رایس Rice هەوڵیدا هێڵگەلێکی پانی گریمانەیەکی بیرکاری بخاتەڕوو، کە مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری دەنگدەران بوو لە ناوچەیەك کە لە بێباکیدا مامناوەندە.

لۆژیکی ڕایس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وا گریمانە دەکات کە هەر دەنگدەرێك بەرکەوتەی ژمارەیەکی زۆر کاریگەریی جیاواز و ناپەیوەندیدار دەبێت، کە ئەوەش هەرگیز لە ژیانی سیاسیدا ڕوونادات. ئەو کاریگەرییانەی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا لەسەر دەنگدەر دروست دەبن، زۆر دوورن لەوەی بە ڕێکەوت دیاری بکرێن.

بەڵام ئایا دابەشکردنی بیروبۆچوونەکان بەپێی یاسایەکی بیرکاری دیاری دەکرێت؟ ئایا دابەشکردنی بۆچوونەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی هاوتایە لەگەڵ چینی ناوەڕاست؟ ئەم بۆچوونە زیاتر جێی متمانەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی دژایەتیی نێوان دەوڵەمەند و هەژاران زۆرجار مژاری باڵادەست دەبێت لە سیاسەتدا و، گروپی خاوەن داهاتی مامناوەند بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی بەرەو هەڵوێستێکی ناوەندگەرایی دەبێت، هەندێك جار لایەنگری حزبێك و هەندێك جاریش حزبێکی دیکە. وا دیارە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئینگلتەرا وابووبێت. بەڵام لە سیاسەتدا باو و ئاساییە کە دابەشبوونی جوگرافی، یان ئایینی گرنگتر بێت لە جیاوازییەکانی ئابووری. لەم حاڵەتانەدا، پێویست دەکات کە ئێمە بەدوای پێوەرێکی دیکەدا بگەڕێین بۆ وەسفکردنی دەنگدەری ئاسایی، بەم پێیە پرسی ئایینی لە سەردەمی کۆماری سێیەمدا ڕۆڵێکی گەورەی لە سیاسەتی فەرەنسادا هەبووە. لە شاری سارت کە یەکێکە لە کانتۆنە تایبەتەکانی ڕۆژئاوای فەرەنسا، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان زیادبوونی مەیلی کۆمارییەکانی نیشان دا هەرکاتێك حکومەتی پاریس سیاسەتێکی مامناوەندی بەرامبەر بە کەنیسەی کاسۆلیکی گرتبێتەبەر.

لە یەکەم هەوڵدا بۆ دارشتنی یاسایەکی گشتی، دەتوانین بڵێین ئەو دەنگدەرانەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکەن، خۆیان لە نێوەندی دوو جەمسەری پێچەوانەی نێو سیاسەت دەبیننەوە، ئیدی ئەو دوو جەمسەرە بەرجەستە بن لە دژبەرە کۆمەڵایەتی، یان ئایینییەکان، یان پانتاییەکی جوگرافی، یان تێکەڵێك بن لەم هۆکارانە، یان توخم و ڕەگەزەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوایە بڵێین کە جەمسەرگیری نێو ژیانی سیاسی باوترین دیاردەیە. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە لە سایەی سیستمێکی فرەحزبی و هەروەها سیستمی دوو حزبیشدا بۆچوونە سیاسییەکان بە ئاڕاستەیەکدا بڕۆن بۆ ئەوەی یەك بگرن لە بەرژەوەندی یان دژ بە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە پەیوەندیدا بە پرسە سەرەکییەکانەوە، بەو پێیە جیاوازییەکان لەبارەی خاڵەکانی دیکەوە گرنگییەکی لاوەکییان هەیە.

بە گەڕانەوە بۆ پرسیارەکەمان، ئایا دەکرێت بەشی مامناوەندی دەنگدەران بە ڕەگەزێکی سەقامگیری لە ژیانی سیاسی دا هەژمار بکەین؟ پێدەچێت پەند و وانەکانی مێژوو ئاماژە بەوە بکەن- هەروەك دواتر بەدی دەکەین- کە هەندێ جار وەڵامەکە ئەرێنییە، و هەندێ جاریش ئەم وەڵامە نەرێنییە. لە کاتی هاتنەئارای ململانێیەکی توند لە نێوان دوو لایەنی توندڕەودا، دەنگدەری ڕاڕا هاوشێوەی کەسێکە کە لە نێو بەلەمێکدایە و شەڕی ژیان دەکات لە نێو دەریایەکی هەڵچوو و هەڵکشاودا، و هەندێ جار قورسایی خۆی دەخاتەسەر لایەکی بەلەمەکە و هەندێ جاریش سەنگی خۆی دەخاتە سەر لایەکی










١٩٠










دیکەی بەلەمەکە. و پارێزگاریکردنیش لە هاوسەنگییەکە تەنها بەند نییە بە قورسایی و سەنگییەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە کارامەی و لێهاتوییەکەیەوە. واتە ڕەنگە بتوانێت جڵەوی دۆخەکە بکات، بەڵام بۆی هەیە دەریاوانێکی ناکارامە بێت، و ڕەنگە هەوڵ و تەقەلاکانی تەنها ببنەهۆی خێراترکردنی ڕوودانی کارەساتەکە.

بۆی هەیە دەنگدانی ڕاڕا ببێتە هۆی هۆکارێکی هێنانەئارای هاوسەنگی لە نێوان دوو حزبدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئاماژە بە هەندێ لەو ڕەگەزانەی ناسەقامگیری بکەین کە بۆی هەیە دەنگدەرە ڕاڕاکان بیهێننە نێو ژیانی سیاسییەوە، ئەوەش شایەنی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی پێیان وایە دەنگدانی ڕاڕا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پشێوی لە بواری سیاسەتدا بە شێوەیەکی گشتی بیری لەم ڕاڕاییە لە نێوان حزبە تەقلیدییەکان ناکەنەوە، بەڵکو بیر لەو ڕۆڵەش دەکەنەوە کە دەنگدەرە ڕاڕاکان بینیویانە لە کاتی سەرکەوتنە فاشیستییەکاندا، و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لە میانەی سەرکەوتنی ئیشتراکییەتی نیشتیمانی لە ئەڵمانیادا. و ئاشکرایە ئەو ئەڵمانییانەی دەنگیاندا بە پارتە ناوەندەکان نزیکەی هەموویان لە بەرژەوەندی هیتلەر دا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٣٢دا.

پرۆفیسۆری فەرەنسیی بە ناوبانگ ئەندریە سیگفرید (SIEGFRIED) لە میانەی توێژینەوەیدا لەبارەی ڕۆژئاوای فەرەنسا وە ئاماژە بەوە دەکات کە دەکرێت بزوتنەوە سیاسییەکان لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، کە دابەشبوونە تەقلیدییەکانی ژیانی سیاسی فەرەنسا گرنگییەکی کەمیان هەبوو، ئەوە بوو هەڵبژاردنەکان بوونە هۆی ئەوەی خەڵکی لە بارێکی نەرێنیدا بن، تەنها لە چەند سەردەمێکی دیاریکراوی وروژانی سیاسیدا نەبێت کە بە شێوەیەکی کتوپڕ دەبێتەهۆی هەژانی خەمساردی دەنگدەران و گوڕوتین و بزاوتێکی بۆ دروست دەبێت، ئیدی لەو کاتەدا گرنگ نییە کە ئایا ئەو کەسە یان جوڵەکانی نوێنەرایەتی ڕاستڕەوی ئاینی یان چەپڕەوی بەرهەڵستکار بۆ پیاوانی ئاینی بکات. واتە هیچ بایەخدانێك نەبوو لەلایەن دەنگدەرانەوە کە شایەنی ئاماژەپێکردن بێت بە سیاسەتی حزبی تەقلیدی لەو هەڵبژاردنانەی کە خەسڵەتی ڕاپرسیان نەبوو، هەندێکیان دوودڵ بوون لە نێوان ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان و هەندێکییان هەر دەنگیان نەدا.

شتێکی سرووشتییە کە بڵێین: بە مانایەك لە ماناکان ئەو دەنگدەرانەی کە کەمتر پەیوەستن بە پارتەکانەوە، ئەگەری زیاتریان لێدەکرێت کە دەنگدانیان بە کەسێك بە هۆی سەرنجڕاکێشی کەسایەتی — دەنگپێدراوەوە- بێت. سیگفرید ئاماژە بەوە دەکات، کە هەندێ جار دەنگدەرە دوودڵەکان بە بێ ڕەچاوکردنی پارتە سیاسییەکان شوێنکەوتەی پاڵێوراوێکی جەماوەری دەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە دیاردەیەکی نموونەییە لە کات و سەردەمە ئارامەکاندا. لە کاتی ململانێکاندا پارتە سیاسییەکان دەتوانن لایەنگرە دوودڵەکانیان سازبدەن لەم ناوچەیەی کە ململانێیەکی ئاینی توندی تێدایە، کە تێیدا سەرنجڕاکێشانی سیاسی سەرکەوتوو نابێت لە سەرکردایەتیکردنی دەنگدەران بۆ سنورێکی دوورتر لە کەمەندکێشکردنی بێبەرییانە، لەبەر ئەوە کارێکی زەحمەتە کە بتوانرێت لە گشتاندنێك بکرێت لەسەر بنەمای ئەزمونە ئاماژەپێکراوەکانی هەڵبژاردنەکانەوە، و بۆی هەیە ئەوە بووترێت کە دەنگدەرە ڕاڕاکان پتر دەکەونە ژێر کاریگەریی بزوتنەوەکانی ڕاپرسییەوە، کە تێیدا بەشێکی گەورەی دەنگدەران دەردەکەون تێیدا و تەنیا پێگەیەکی مامناوەندیان نابێت لە نێوان دوو حزبەکە، یان دوو کۆمەڵەی حزبەکەدا کە بایەخ نادەن بەو پرسانەی کە ناکۆکن لەبارەیانەوە، یان کاتێك دەنگدەرە سەربەخۆکان جۆرێك لە نامۆبوونیان بەسەردا دێت و دەبنە گرووپێکی دوورەپەرێز لە تەوەری سەرەکیی ژیانی سیاسی وڵاتەکەوە.

لیستا پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# ئیرادە و خۆراگریا خەلکێ کوردستانێ هێزا مەیە



ليستا پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# ئیرادە و خوراگریا مە
# ژ گەلێ کوردستانێ یە



١٩٠



## کاروان کەریم خان

قایمقامی قەزای شەقڵاوە بە وەکالەت :

# لەم کابینەیەدا تەنیا لە شەقڵاوە چەندین پڕۆژە بە بڕی ٥٠ ملیار دینار جێبەجێ کراون

**پۆندی ئاقوبان کە بەرهەمی کابینەی نۆیەمە، بە بڕی زیاتر لە نۆ ملیار دینار تەواو کراوە**

**لەسەر ڕێڕەوی پلانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی وڵات، بە پاڵپشتیی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان گەلاڵەی چەندین پڕۆژەمان لە بەردەستە**


















# لە سایەی کابینەی نۆیەمدا کەرتی گەشتیاری بووە چوار وەرزەی ساڵ

## لە پلان و بەرنامەدایە کە بەنداوی سابیراوە دروست بکرێت

لە زنجیرە پرۆژە و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شارۆچکەی شەقڵاوە دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە ئیدارییانەی بۆی کرا و شارەدێیەکانی هەریر و پیرمام بوونە شارۆچکە و گرنگییەکی زۆریش درا بە شارەدێیەکانی هیران و بالیسان و ئەو ٢٣ گوندەی لەسەر سنوورەکەی، ئەمە بووەتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شەقڵاوە بۆ سەرووی ٤٨ هەزار کەس، لە سەنتەری شار و لە ناوچەکە و لە ڕووی گەشتیارییشەوە سنوورەکەی بەرچاوە و ناوچەیەکی کشتوکاڵی و پڕ ڕەز و باخیشە، ئەوەی شەقڵاوە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی هەرێم جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە کۆنەوە بە درێژایی مێژوو شوێنی پێکەوەژیانی کورد و کلدانەکان بووە و فەرهەنگێکی ڕۆشنبیری و کوردپەروەری و خۆبەختکردنی لە پێناو کورد و کوردستان تێدا بەرجەستە بووە. لە لایەکی دیکەوە شەقڵاوە بە هۆی زۆریی دارودرەخت و چیای سەفین و سرووشتی دەوروبەرییەوە ژینگەیەکی پاك و جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە. بۆ ئەوەی بزانین شەقڵاوە و سنوورەکەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا تا چەند گرنگیی پێدراوە و ئەو کار و پڕۆژانە چین بۆی کراون، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کاروان کەریم خان قایمقامی شەقڵاوە ئەنجام دا.

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا چەند پڕۆژە و کاری خزمەتگوزاری بۆ قەزای شەقڵاوە ئەنجام دراوە؟ ئایا ئەم پڕۆژانە بوونەتە هەوێنی ناوبانگی ئەم شارە گەشتیارییە بۆ خۆشگوزەرانیی دانیشتووانەکەی؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا ڕەوتی گەشەکردن و زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا زۆر زیاتر و خێراتر و باشتر بووە، ئەمە سەرەڕای ئەو قەیرانانەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بەتایبەتی قەیرانی دارایی و بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە. بە شانازییەوە توانراوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی لە ئاستێکی زۆر بەرز و خێرادا خزمەتگوزاریی باش پێشکەش بە خەڵك بکرێت و ئەو هەموو پڕۆژە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرانەی بۆ خەڵك و هاووڵاتیان کراوە، ڕۆڵی لە گەشەکردنی قەزاکەماندا هەبووە. لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کار و پڕۆژە و خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتیاریی زۆر ئەنجام دراون، جگە لەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی کە بودجەی بەردەوامیان بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ نموونە وەکو دابینکردنی ئاوی پاك و چارەسەری هەندێ کێشە و گرفتی پەروەردە و کارەبا و ...تاد،

بە شێوەیەکی گشتی ئەو پڕۆژە گەورە و ستراتیژییانەی لە هەموو سێکتەرە جیاجیاکان کە لەلایەن حکومەت بە تایبەتی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بودجەی بۆ تەرخان کراوە، بڕەکەی زیاتر لە ٥٠ ملیار دینارە.

*** پڕۆژە و کاری زۆر لە سنووری قەزای شەقڵاوە ئەنجام دراون. با سەرەتا لە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەوە دەست پێبکەین، کە پێداویستی و خواستی یەکەمی دانیشتووانە، ئایا لەم ڕووەوە چیتان بۆ کراوە؟**

- شەقڵاوە لە ڕێگەی پڕۆژەی ئاوی قەندیل و چەند بیری ئیرتیوازییەوە ئاوی خواردنەوەی بۆ دابین دەکرێت، لە کابینەی نۆیەمدا لەو گۆژمەیەی ئاماژەمان پێدا کە زیاتر لە ٥٠ ملیار دینارە، لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکیشدا لەو کەرتەدا لە ڕێگەی بودجەی حکومەتی هەرێم و پەرەپێدانی پارێزگا و وەزارەتی پەیوەندیدارەوە چارەسەرمان کردووە، ئەویش بەوەی لە هەر شوێن و گەڕەکێك ئاوی خواردنەوە کەم بێت، بیری تازە لێدراوە و ئەو بیرانەش کە پێویستیان بە زیاتر قووڵکردن بووە، بۆیان ئەنجام دراوە. لە گەورەبوونی شارەکە و ناحیەکانیشدا بۆ هەر شوێنێك تۆڕی دابەشکردنی ئاو پێویستی بە تازەکردنەوە، یان تۆڕی نوێ هەبێت، ئەوە خراوەتە ناو پڕۆژەکان و جێبەجێ کراوە. هەر بۆیە دەتوانم بڵێم لە سایەی دڵسۆزی و پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەمەوە لە کەرتی ئاوی خواردنەوەدا کەمترین کێشەمان هەبووە، تەنانەت بۆ زیاتر دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە ئێستادا خەریکی بیرۆکەی پڕۆژەیەکین کە لە داهاتوودا بە ئومێدین ئەو جۆرە پڕۆژانە لە شەقڵاوە و هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان جێبەجێ بکرێن.

*** با بێینە سەر ناوبانگی شارەکەتان لە ڕووی گەشتیارییەوە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش، ئایا لەم ڕووەوە بۆ شەقڵاوە و ئەم سێکتەرە گرنگە چی کراوە؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا چەندین پڕۆژەی گەشتیاری لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەتەوە بۆ شەقڵاوە و ناوچەکە جێبەجێ کراون. لە سایەی ئەو پڕۆژانەوە دەبینین کە کەرتی گەشتیاری توانیویەتی زیاتر سەرنجی گەشتیاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لەو پێنج ساڵەی کابینەی نۆیەمدا ساڵ لە دوای ساڵ ژمارە و ڕێژەی گەشتیاری بۆ سەنتەری قەزا و ناوچەکە زۆر زیادی کردووە و، لە چوار وەرزی ساڵدا دەتوانم بڵێم گەشتیار ڕووی تێ دەکەن و دەمێننەوە. لەلایەن ئیدارەی قەزاوە ڕێگەمان داوە و ئاسانکاریمان بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران کردووە کە پڕۆژەی باش و گرنگی گەشتیاری ئەنجام بدەن، لەوانە بە نموونە کەمپێکی خێوەتگەی دێدەوانی بۆ قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان لە شەقڵاوە دروست بکرێت، پڕۆژەیەکی دیکەمان لە بناری سۆرك ئەنجام داوە، بە بێ ئەوەی سرووشتی ناوچەکە تێك بچێت.

*** شەقڵاوە لە کەرتی تەندروستیدا چۆنە ئەو پڕۆژانەی لەو سێکتەرەدا جێبەجێ کراون چین و گۆژمەکانیان چەند بووە؟**

- نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەی کە هەموو یەکە و پێکهاتەی تەندروستی و پزیشکی لە خۆدەگرێت، لەناو سەنتەری شەقڵاوە هەیە و چەندین هۆڵی جۆر نەشتەرگەریشی هەیە، بەڵام پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی دیکە هەیە کە لە سەنتەری قەزاکەدا دروست بکرێت، ئەمەش چونکە سەردانەیکەر و گەشتیاری زۆر دێنە ئەو شارە، هەر چەندە لە پێش کابینەی نۆیەمدا نەخۆشخانەیەك لەژێر جێبەجێکردندا بوو، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە ڕاوەستاوە و ئێستا لەو کابینەیەدا بڕیارە ئەو پڕۆژەیە بکەوێتەوە کار، لە سنوورەکەشدا چەندین بنکەی تەندروستی هەیە کە توانیویانە بە هانای خەڵکەکەوە بێن .

*** لە کەرتی پەروەردە و خوێندن و چارەسەری کێشەی دوو دەوامی و سێ دەوامی کراوە و لەو بوارەدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بۆ کردوون؟**







- نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ دەستکەوتێکی دیکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، هەرچەندە ئێمە لەو کەرتە گرنگەدا هێشتا پێویستیمان بە دروستکردنی چەندین قوتابخانەی دیکە هەیە. لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا بوو گرنگییەکی زۆر بە کەرتی پەروەردە و خوێندن بدات، هەرواش بوو، ئەم کەرتە توانی ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئالنگاری و کێشانە ببێتەوە کە تووشی بوون، بەرنامە و بیرۆکە و پلانی تەواومان داناوە، ئەو کەس و مندالانەی بەهۆی باری خێزانیی خانەوادەکانیانەوە کاری کشتوکاڵی و باخداری دەکەن، یان بە هۆی هەر پیشەیەکی دیکەوە لە خوێندن دابڕاون، دووبارە بیانگەڕێنینەوە ناو پۆلەکانی خوێندن.

*** بە هۆی ڕێگەوبانە ستاندارە نێودەوڵەتییەکان و دروستکردنی تونێل و دووسایتکردنی ڕێگەکانەوە شەقڵاوە زۆر نزیك بووەتەوە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئایا پڕۆژەی نوێی ڕێگەوبان لە سنووری قەزای شەقڵاوە هەیە؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا بەردەوام ساڵانە کار و پڕۆژەی قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردنی کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری قەزا و ناحیەکان کاری بۆ کراوە، هەر بۆ نموونە تەنیا لە ماوەی ئەمساڵدا زیاتر لە ٣٠ هەزار مەتر دووجا کۆنکریتی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری شەقڵاوە ئەنجام دراوە، هەروەها کارەکانی پڕۆژەی چاککردنی ڕێگەی ناحیەی بالیسان بەردەوامە و شارێگە و ڕێڕەوی تازەی ڕێگەی نێودەوڵەتیی هاملتۆن کە بەشێکی دەکەوێتە سنووری شەقڵاوە، بەشێکی ئەو پڕۆژەیە دەستی پێکردووە و بەشەکەی دیکە دیراسەی بڕگەکانی دەکرێت. ڕێگەی نێوان هەولێر و سلێمانی کە بە ڕێگەی مامە جەلکەی هێران ناسراوە، چاککردنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت، ڕێگەی شەقڵاوە بۆ هێران بە هەمان شێوە کاری بۆ دەکرێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین لەسەر ڕێڕەوی پلانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی وڵات بە پاڵپشتی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەلاڵەی چەند پڕۆژەمان لە بەردەستدایە، بە ئەنجامدانیان دەگەینە شارێکی پایەدار و لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە زۆر جیاوازی و پێشکەوتن دەبینین.

*** بۆ بونیادنانی ژێرخانی کەرتی کارەبا و پڕۆژەکانی کارەبا لە سنووری شەقڵاوە چی کراوە و پێویستیتان بە چ پڕۆژەیەکی دیکە هەیە؟**

- کارەبا واتە ئاوەدانی و ژیانی بەردەوام و کار و پڕۆژە و خزمەتگوزاری، بە خۆشحاڵییەوە لەم بوارە ژیارییە گرنگەدا کار و پڕۆژەی باش لە شەقڵاوە ئەنجام دراوە، وەك ڕاکێشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی و نۆژەنکردنەوەی تۆڕ و محاویلەی تازە بۆ ئەو گەڕەك و شوێنانە کە پێویست بوون فیدەری نوێی کارەبایان بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بارقورسی لەسەر تۆڕی کارەبا نەبێت و گرنگییش بە سیستمی ڕووناککردنەوەی شەقام و کۆڵان و ناو شار و ناحیەکانیش دراوە.

*** ئایا لە سێکتەری کشتوکاڵ و باخداری، بەتایبەتی ئاودێری و دروستکردنی پۆند و بەنداو چیتان بۆ کراوە؟**

- جگە لەوەی لەو کاتەی کە هەریر سەر بە قەزای شەقڵاوە بوو، چەند پۆندی لێ دروست کراوە، بەڵام لە ئێستادا پۆندێکی زۆر گەورە و ستراتیژی لە سنووری شەقڵاوە بەناوی پۆندی «ئاقوبان» دروست کراوە، کە ئەو پۆندە زیاتر لە نۆ ملیار دیناری تێدا خەرج کراوە، لە زۆر ڕووی جۆراوجۆرەوە سوودی بۆ ناوچەکە هەیە و لە پلان و بەرنامەدایە کە بەنداوی سابیراوە دروست بکرێت، کە بە هۆی ئەو بەنداوەوە ئەو کات لایەکی شەقڵاوە وەکو کەناراوێکی لێ دێت، هاوکات بۆ زیاتر خۆشکردنی ئاو و هەوا بەردەوام جۆگەلەی ئاو لە ناو شار و باخەکان و شوێنە پێویستەکاندا دروست کراوە.

١٩٠









١٩٠



د. باخان ئازاد کاندیدی ژمارە ٣ی بازنەی سلێمانی:

# کار دەکەین بۆ جوڵاندنی دۆسێکانی گەندەڵی لەسەر کەرتی تەندروستیی سلێمانی و دادگاییکردنی گەندەڵکاران










١٩٠










## کار دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی تەندروستیی گشتی باشتر لە نێو چین و توێژەکاندا بڵاو بکرێتەوە و چاو بە تەواوی سیستمی تەندروستیدا بخشێندرێتەوە

---

**نەخۆشییە درێژخایەن قورسەکان بەشێکن لە ئێش و ئازاری کۆمەڵگە، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا کار بۆ چارەسەرکردنیان دەکات**

---

**د. باخان ئازاد کاندیدی ژمارە ٣ی بازنەی سلێمانی لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم دیدارەدا باس لە کارنامە و بەرنامەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«کار و چالاکییەکانمان بۆ پەرلەمانی کوردستان بریتی دەبێت لە چڕکردنەوەی هەوڵەکانمان لە بواری تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی، بە هەموو توانایەکمان کار دەکەین لە بواری تەندروستیدا بۆ چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و نەهێشتنی گەندەڵی لە سێکتەری حکومی و جیاکاری لە نێوانی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومیدا، هەروەها باشتر کردنی کەرتی حکومی بەمەبەستی خزمەتکردنی خەڵکی هەژار، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەین بۆ پێشکەوتنی ئەم کەرتە ژیارییە. هاوکات کار دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی تەندروستیی گشتی باشتر لە نێو چین و توێژەکاندا بڵاو بکرێتەوە و چاو بە تەواوی سیستمی تەندروستیدا بخشێندرێتەوە، بە شێوازێك خزمەتگوزاریی چاکتر و خێراتر پێشکەش بە هاووڵاتییان بکرێت، زیاتر چڕکردنی کۆنترۆڵی چاودێریی بازرگانیی دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی هاوچەرخی تایبەت بە بیمەی تەندروستی دەکات، ئەویش لە پێناو باشترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، ئێمە کار دەکەین لە پێناو ئاسایشی دەرمان، کوالێتی کۆنترۆڵی دەرمان و ڕێگرتن لە هەر بازرگانیکردنێکی نایاسایی لەو بوارەدا.

نەخۆشییە درێژخایەن و قورسەکان بەشێکن لە ئێش و ئازاری کۆمەڵگە، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا کار بۆ چارەسەرکردنیان دەکات.

کاردەکەین بۆ جوڵاندنی دۆسیێکانی گەندەڵی لەسەر کەرتی تەندروستیی شاری سلێمانی و دادگاییکردنی گەندەڵکارانی بواری تەندروستی و دەرمان، کە لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوودا خەریکی کاری گەندەڵی و هێنانی دەرمانی نایاسایی بوون بۆ ئەو دەڤەرە.

١٩٠



هێشوو دارا سەلیم

کاندیدی ژمارە ٦٦ ـی بازنەی سلێمانی:

# ئامانجی من ئەوەیە کە بتوانم دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی سلێمانی بم و بەرگری لە ماف و خواستەکانیان بکەم


















## خزمەتكردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت و دابینكردنی دەستەبەری كۆمەڵایەتی لەلایەن حكومەتەوە لە ڕێگەی پرۆژەیاسا و كەمپینی پەرلەمانییەوە دەبێت

---

**بەرنامەیەكی باشم بۆ پاراستنی مافەكانی تاك لە پێشێلكاریی میدیایی و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هەیە، بۆ ئەوەی شكۆی تاك و خێزان بپارێزرێت**

---

**هێشوو دارا سەلیم، كاندیدی ژمارە ٦٦ ی بازنەی سلێمانی، لیستی ١٩٠ ی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە گفتوگۆیەكدا بەمجۆرە بەرنامەی كارەكانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گولان دەخاتە ڕوو:**

**گولان: كۆمەڵایەتی**

«ئامانجی من لە خۆكاندیدكردنم لەسەر لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان، بە پلەی یەكەم پشتیوانیكردنی پرۆژەكانی پارتیمانە، كە بریتییە لە ئاوەدانی و سەقامگیری و سەروەریی یاسا و گەیاندنی كوردستان بە كەناری ئارامی، كە ئەمەش پرۆژەیەكی گشتگیری پارتیمانە و هەموومان پشتیوانی ئەو پرۆژەیە دەبین، سەرەڕای ئەوەش ئامانجی من لەسەر ئاستی سنوورەكەم ئەوەیە كە بتوانم دەنگی ڕاستەقینەی خەڵكی سلێمانی بم و بەرگری لە ماف و خواستەكانیان بكەم، نەهێڵم ئەو دەنگە نەشازانەی كە لە ڕابردوودا ڕووخساری ئەم ناوچەیەیان شێواند بوو، جارێكی دیكە بەسەر ئەم شارە و ناسۆرییەكانییەوە خەریكی خۆ دەوڵەمەندكردن بن، هەروەها ببمە بەرگریكاری ڕەسەنایەتیی سلێمانی، هەمیشە وەك دەنگێكی دلێر كەم و كوڕی و كێشەكانی شارەكە و ناوچەكە بگەیەنمە شوێنی مەبەست و سەرسەختانە داكۆكییان لێ بكەم.»

هێشوو دارا سەلیم لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت: «پرۆژەی تایبەتم هەیە بە خزمەتكردنی ئافرەتان و بەرگریكردن لە شكۆی خێزان، بابەتی پەروەردە و داكۆكیكردن لە خزمەتگوزارییەكانی بواری پەروەردە، بە جۆرێك كە پرۆگرامەكانی پەروەردە خزمەتی ئاشتیی كۆمەڵایەتی بكەن و پارێزەری خێزان و بەهاكانی خێزان بن، تاكەكان لەسەر ڕەتكردنەوەی توندوتیژی ڕابهێنین، هەروەها خزمەتكردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت و دابینكردنی دەستەبەری كۆمەڵایەتی لەلایەن حكومەتەوە ئەمەیش لە ڕێگەی پرۆژەیاسا و كەمپینی پەرلەمانییەوە دەبێت، سەرەڕای ئەوەی كە بەرنامەیەكی باشم بۆ پاراستنی مافەكانی تاك لە پێشێلكاریی میدیایی و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هەیە، بۆ ئەوەی شكۆی تاك و خێزان بپارێزرێت.




گوڵان

190











# کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن

بڕیارە ڕۆژی ٢٠ـی ١٠ لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هەمیشە بە پشتیوانیی جەماوەر و دەنگدەرانی لە خزمەتکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵك و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوە ژیان بەردەوام دەبێت، هەر بۆیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن. لەم ڕاپۆرتەشدا دایکانی سەربەرزی شەهیدان بەمجۆرە پەیامی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

١٩٠













گەردە محەمەدئەمین خەسرۆ، دایکی شەهید و ئەنفال کراو:

# بە شانازییەوە دەنگمان بۆ لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانە



بە درێژایی مێژوو میللەتی کورد قوربانی زۆری بەخشیوە، بۆیە لە ئێستادا ئەرکمانە بەشدار بین لە بونیاتنانی ئایندەی ئەم میللەتە، ئێمە هەر لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشەوە بەشداربووینە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان براکانم هاوسەرەکەم، کوڕەکانم و ئامۆزاکانم گشتیان پێشمەرگە بوون، هەر لەو ڕێگایەدا چوار برام شەهید بوون، کوڕم شەهید بوو، کچەکانم ئەنفال بوون تائێستا ڕووفاتەکانیان لە بیابانەکانی سەماوە و نوگرەسەلمانە، تەنیا کوڕێکم ماوە ئێستا پێشمەرگەیە و کچێکم (پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم) کاندیدە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆیە بە متمانەیەکی زۆرەوە بە حزبەکەمان حزبی شەهیدان بە شانازییەوە دەنگمان بۆ لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە ئەم حزبە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان دەکات و بەوەفایە بۆ خوێنی شەهیدان.

## مەمیخان شێخۆ دایکی شەهید:

# تەنیا پارتی پارێزەری ناسنامەی کوردە بۆیە دەنگی پێ دەدەین



من بە شانازییەوە دەنگ بە لیستی پارتی دەدەم، لەو پێناوەدا ئامادەی هەموو قوربانیدانێکم، وەکو دایکە شەهید و هاوسەری شەهید و خوشکی شەهید هیچ کاتێك لەم ڕێبازە لانادەین کە خوێنمان بۆی ڕشتووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەری ناسنامەی کوردایەتی و ڕەسەنایەتییە، خەمخۆری ڕاستەقینەی گەلە، ئێمە لە پێناو سەرخستنی شۆڕش چەندان ساڵ ئاوارە و دەربەدەر بووین، لە سەردەمی شاخدا شانبەشانی برا پێشمەرگەکانمان لە شاخ بووین و وەکو ئافرەتێك بە شانازییەوە نانی پێشمەرگە بووین.

وەکو دایکە شەهیدێك ئاواتم ئەوەیە پێش ئەوەی بمرم بە خزمەت سەرۆك بگەم و لە نزیکەوە بیبینم و پێی ڕابگەینم کە خۆم و خێزان و ماڵ و منداڵم تا دوا هەناسە ئامادەی بەرگریکرنی خاك و نیشتمان و ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستانین.

## کەو عەبدوڵڵا، دایکی شەهید:

# لە هەموو بارودۆخێکدا هەمیشە دەنگەکانمان بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە



بە دڵنیاییەوە لە هەموو بارودۆخێکدا هەمیشە دەنگەکانمان بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، من وەکو بارزانییەك کە پەروەردەی ڕێبازی بارزانیم، جارێکی دیکە پەیمانم دووپاتدەکەمەوە کە بە خوێن و سەر و ماڵ پارێزگاری لە خاکی کوردستان بکەم، جگە لە پارتی هیچ حزب و لایەن و دەسەڵاتێك بە شایستەی دەنگدان نابینم تاوەکو خزمەت بە گەل و خاکمان بکات و داواکاری میللەت جێبەجێ بکات، چونکە سەرۆك بارزانی تاکە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلە و لە سایەی پارتی کوردستان لە دەستێکی ئەمین و پارێزراودایە.

پارتی ئەو حزبەی کە هەرگیز خوێنی شەهیدانی ڕێبازی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری فەرامۆش ناکات و حیساب بۆ قوربانیدانی گەلەکەی دەکات، لەبەر ئەوە لە ڕۆژی دەنگدان ئامادە دەبین و دەنگمان بۆ پارتی دەبێت.

١٩٠









١٩٠




## موعتەبەر لەتیف، دایکی شەهید:

# دەنگدان بە پارتی ئەرکێکی نیشتمانییە



بویە دەنگ بە پارتی و بارزانی دەدەم چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێبەرایەتی سەرۆك بارزانی هەموو کات لەگەڵ ئێشوئازارەکانی گەلەکەی دا بووە و، بەرگری لە کەرامەت و شەرەف و ناسنامەی نەتەوایەتی گەلی کوردستانی کردووە.


دەتوانم بڵێم گەر پارتی و بارزانی وەك قەڵغانی کوردایەتی لە هەمبەر پیلان و پەلامارەکانی دوژمنە سەرسەختەکانی کوردستان نەوەستابانەوە بە درێژایی قوناغەکان ئەمڕوش ئێمە وەك گەلی کوردستان خاوەنی ئەم ئەزموونە فیدراڵیەی هەرێمی کوردستان نەدەبووین.

هیچ کات پارتی سازشی نەکردووە لەسەر مافەرەواکانی گەلی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان، بویە دەنگدان بە پارتێکی وەها ڕەسەن و ڕێبەرێکی وەك سەرۆك بارزانی خەمخۆر و دڵسوز، ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانییە.




## مریەم عەولا، دایکی شەهید:

# پارتی تاکە خەمخۆری میللەتە
# بۆیە دەنگ بە لیستەکەی دەدەین



لەبەر ئەوە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم چونکە خوێنم بۆی داوە و لە پێناو ڕزگاری کوردستان کوڕەکەم شەهید بوو، لەلایەکی دیکەوە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هیچ حزب و لایەنێك نابینم لە پارتی و ڕێبازی بارزانی شایانتر بێت بۆ دەنگ پێدان، پارتی تاکە خەمخۆری میلەتە و پارێزەری دەستکەوتەکانە، ئەو دەستکەوتانەی بە خوێنی کوڕی من و هەزاران شەهیدی دیکە بە دەست هاتوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە شەڕی سەربەخۆیی و دەستوور و ماددەی ١٤٠ ی کردووە، هەمیشە شەڕی موو چە و شەڕی گەڕاتەوەی ماف و شایستە و کەرامەتی هاوولاتی بە ئەرکی خۆی زانیوە و دەزانێت.



١٩٠

# هونەرمەندان دەنگ بە پارتی دەدەن

پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کردووە و کادر و ئەندامانی پارتی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی، کە داوای کردووە بانگەشەکان بە ئارامی بەڕێوەبچن، دەستیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن کردووە، بەڕێوەچوونی بانگەشەیەکی هێمن و دیموکراسییانە، وا دەکات هاووڵاتیان زیاتر لە کارنامە و بەرنامەی کاندیدەکانی پارتی تێبگەن و، لە ڕۆژی دەنگداندا بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتی بدەن.
هونەرمەندان وەك چینێکی کاریگەری کۆمەڵگە، بەم شێوەیە باس لە گرنگیی بەشداریکرن لە هەڵبژاردن و، دەنگدان بە کاندیدانی پارتی دەکەن.





















**ڕۆژیار خاڵە حەسۆ:**

## پارتی دیموکراتی کوردستان واتە ئارامی و ئاوەدانی پێکەوە ژیان، بۆیە دەنگی پێدەدەم



بۆچوونی من لە بارەی دەنگدانەوە وا پێویستە دەنگ بە لایەنێك بدرێت کە توانای ئەوەی هەبێت ئارامی و ئاوەدانی و پێکەوەژیان بۆ خەڵك دەستەبەر بکات، ئەوە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دوای ئەم هەموو ئاستەنگانە مسۆگەر کردووە، ئەمەش دەبێتە شایەتحاڵی بەردەوامیدان بۆ مانەوەی کورد لە ناو جەنجاڵیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە دەنگ دەدەین بەلیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**شاخەوان مستەفا:**

## دەنگ بە لیستی پارتی دەدەین، چونکە تەنیا ئەو بە داکۆکیکاری هونەر و هونەرمەندان دەزانین



لەپێناو پاراستنی هونەر و کلتوور و داهێنان لە سەرجەم بوارەکانی هونەردا، دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتی دەدەین، چونکە تەنیا ئەو بە داکۆکیکاری هونەر و هونەرمەندان دەزانین. بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد و داکۆکیکردن لە هونەر و زمان و کلتووری کوردی، ئێمە دەچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان و کاندیدانی پارتی وەك نوێنەری خۆمان هەڵدەبژێرین و، گشت مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان دەگێڕینەوە و، پرۆسەی هەڵبژاردنیش بە باشترین ڕێگەی دیموکراسی دەزانین، تا بتوانین بەرگری لە زمان و هونەری خۆمان بکەین.



## عەبدولقەهار زاخۆیی:

# پارتینە و هەر دەمێنین لیستی ئێمە(١٩٠)ە و هەر یەکەمین



هونەرمەندی گۆرانیبێژ «عەبدولقەهار زاخۆیی» بەبۆنەی نزیکبوونەوە هەڵبژاردنەوە، بەرهەمێکی نوێی بۆ لیستی (١٩٠)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە بەناوی «پارتینە و ئەم دێمینین، لیستامە (١٩٠)ە هەر ئێکەمینین». ئەو گۆرانییەی هونەرمەند بە شێوەیەکی ڤیدیۆیی بڵاو کراوەتەوە و بە تەواوی سۆشیال میدیای داگیر کردووە و بووەتە خاوەنی زۆرترین بینەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە ئاخاوتنێکیشدا سەبارەت بە گۆرانییە نوێیەکەی، عەبدولقەهار زاخۆیی دەڵێت: «گەر کوردستان لە دڵی هەمووماندایە خۆنەچەمینن تا پارتی مایە، دەنگ بدە بە لیستی (١٩٠)ی ئاشتی و ئاوەدانی و سەقامگیری، چونکە تاکە هێزە ٧٨ ساڵە لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە جەنگدایە و تا ئەو پارتەش مابێت کوردستان بە تێکڕا لە دەستێکی ئەمیندایە. بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان دەکەم، بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لە لیستی زێڕینی(١٩٠) هەڵبژێرن بۆ ئەوەی داکۆکیی لە مافە ڕەواکانی گشت چین و توێژەکان بکات».

## شەڤگەر زازا :

# بارزانی هەبێت ترسمان لە هیچ نابێت



هونەرمەندی سترانبێژ «شەڤگەر زازا» لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵمەتی بانگەشەی خولێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان، وەك هاوسۆزییەك بۆ لیستی (١٩٠)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەندەرانەوە گۆرانیی «مادام بارزانی هەبێت ترسمان لە هیچ نابێت»ی بڵاو کردەوە. ئەو بەرهەمەی هونەرمەند «شەڤگەر زازا» دوای ئەوەدێت کە ساڵانێکی زۆر بوو لە گۆرانیگوتن دوور کەوتبووەوە و بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری کوردستانەوە ڕووی لە غوربەت کردبوو، ئێستاش بۆ جارێکیتر بە هەمان گڕوتینی جارانەوە دەڵێت: «تا پارتی و بارزانی مابن، کوردستان ئاوەدانە و کەس ناتوانێت زەفەر بەو هەموو جوانییە ببات، جگە لەمەش ئەگەر بمانەوێت کوردستان بەهێز بێت، دەبێت هەموو لایەك دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکانی بدەن».









١٩٠










### دلێر گەرمیانی:

## شانازییە لەژێر سێبەری پارتیدا خزمەت بە هونەر و فەرهەنگی کوردی دەکەم



هونەرمەندی گۆرانیبێژ «دلێر گەرمیانی» دوای بڵاوکردنەوەی گۆرانیی هەولێر ئارامە، ١٠ گۆرانی دیکە تۆمار دەکات. هونەرمەند لەم ئەلبوومەیدا گۆرانی بۆ هەولێریش گوتووە، ئەلبوومەکەی دلێر گەرمیانی لەژێر ناوی «سەرۆك»ـە. دلێر گەرمیانی دەڵێت: گەر بمەوێت وەك هونەرمەندێك ویژدانم ئاسوودە بکەم، دەبێت جوانیی شەقامەکان و ئەو ئازادی و ئاوەدانی و سەقامگیرییەی کوردستان لەبیر نەکەم، کە لە سایەی تێکوشانی ٧٨ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئێمە بە ئازادی و دوور لە ترس و تۆقاندنی دوژمنانی کورد، گۆرانی بۆ خۆشەویستی کوردستان دەچڕین. بۆیە بڕیارم داوە ئەلبوومە ١٠ تراکییەکەم، کە ناوم ناوە «سەرۆك» لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا بڵاو بکەمەوە، کە ٣ تراکیشم لەو گۆرانیانە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستی (١٩٠) و کابینەی نۆیەم گوتووە و شانازییش بەوەوە دەکەم کە لەژێر سێبەری ئەو حیزبەدا خزمەت بە هونەر و فەرهەنگی کوردی دەکەم.


### کەریم گوڵانی:

## دەنگ بە پارتی دەدەین



کەریم گوڵانی بێدەنگیی شکاند و دوای ساڵانێك لە نەبوونی گۆرانی و سروودی نەتەوەیی، ئەمجارەیان بە گۆرانیی «دەنگ دەدەین»، گەڕایەوە نێو باوەشی هونەرەکەی. ئەو بەرهەمەی «گوڵانی» دەبێتە چوارەم گۆرانیی تایبەت، کە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە دەشڵێت بارزانی مەرجەعمانە و دەنگ بە لیستی (١٩٠) دەدەین، کە لیستی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەی خۆڕاگری کوردستانە. کەریم گوڵانی لە لێدوانێکیدا دەڵێت: «دەمەوێت ئەم گۆرانییە ببێتە شاکارێك لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بمێنێتەوە و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستانیش پەلکێش بکەم بۆ ئەوەی بەرەو سەندوقی دەنگدان بڕۆن و دەنگ بەو لیستە بدەن، کە کوردستانی ئاوەدان کردەوە و سەقامگیریی دەستەبەرکرد و ئێستاش لە سایەی ئەو هێزەدا ژیانی هەموان پارێزراوە.

# لە دوێنێدا هەمیشە دەرگام واڵابووە،
# لە ئایندەشدا هەر لە خزمەت ئازیزاندا دەبم



**فەرهەنگ غەفور**

● مـن بـەو ئەزموونـەی چەندیـن ساڵە لـە بـواری ئیداری و کارگێڕی و هونەریـدا کارم کـردووە، بـۆم دەرکەوتـووە کـە ژینگـە بـۆ کار و خزمـەت لـە بـواری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و هونەریـدا زۆر لەبـارە و ئەکرێ کەسـێك کـە لـە نـاو ئـەو چوارچێوەیـەدا بوویێـت و ڕۆڵـی تێدا بینیبێـت، باشـتر گۆشـەکان ببینـێ و چاکتـر کارەکان بـکات و زیاتـر خزمـەت بـکات. لەسـەر ئـەو بنەمایـە، ویسـتوومە وەك نوێنـەری ئـەو توێژانـە بچمـە شـوێن و پێگەیـەك لـە پەرلەمـان، کـە باشـتر دەتوانـم خزمەتیـان بکـەم.

● هونەرمەنـد خـاوەن کەسـایەتییەکی گەورەیـە، هونەرمەنـد سـەرکردە و پێشـەنگە و دەتوانێت چەندین ڕۆڵ ببینـێ و کاریگەرییشی لەسـەر هـەواداران و دەوروبـەر هەبێت، هونەرمەنـد تەنیـا ئـەوە نییـە کـە لـە بـواری پیشـەکەی خۆیـدا کارا و زینـدوو بـێ، بەڵکو ژینگەیەکی فراوانتر و لەبارتری لە بەردەمدایە و دەتوانێت هێز و تواناکانـی خـۆی تێدا بخاتـە گـەڕ و کاریگەرییەکـی بـاش دروسـت بـکات. بۆیـە ئەمـە هـەر بەڵێـن نییـە و بیـدەم، ئەمـە پێشـتریش کردوومـە و ئەگـەر متمانـەی هونەرمەنـدان و ڕۆشـنبیران و ئەدیبـان و چیـن و توێـژە جیاجیاکانم بەدەست هێنـا، زیاتر لـە جاران و باشـتر لـە جاران ئـەو کارانـە دەکـەم، کـە تـا ئێسـتا دەرفـەت نەبـووە لـە بـواری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و هونەریـدا بـۆ ئـەو توێژانـەی بکـەم.


















● ئەگەر متمانەی ئێوەم بەدەست هێنا و بە نوێنەری خۆتان هەڵتانبژاردم، ئەوا لە بواری یاسای خانەنشینیی هونەرمەندان و ئەدیبان و ڕۆشنبیراندا هەوڵی بێوچان دەدەم، کە ئەو یاسایە بە قازانجی توێژەکانتان دەربکەین، بۆ ئەوەی شکۆمەندانەتر بژین و هەست بە دڵنیایی تەواو بکەن.

● ئەگەر بە دەنگی ئێوە چووم بۆ پەرلەمان، هەوڵی بێ پسانەوە دەدەم، کە بیمەی دڵنیایی بۆ ڕۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرمەندان و پەروەردەکاران بە یاسا دەستەبەر بکەین، کە خزمەتێکی زۆریان کردووە، چونکە هەموو ئەوانە تەواوی هێز و تواناکانی خۆیان لە خزمەتی گەلدا بردەسەر و ئێستا ڕۆژی ئەوە هاتووە، کە دوای ساڵەهای خزمەت و شەونخوونی، بیمە بکرێن و دڵنیایی ژیان و بژێویان پێ بدرێت، ئەمەش لە ڕێی یاساوە دەکرێ و منیش لەو ڕێیەوە هەموو هەوڵ و توانای خۆم دەخەمە گەڕ.

● لە بواری پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەییدا پێکهاتەکانی کوردستان، وەك چۆن پێشتر ئێمە و هەولێر بەگشتی پێشەنگ بووین، لە ناو پەرلەمانیشدا و لە ناو دەقە یاساییەکاندا ئەو گیانی تەبایی و پێکەوەژیانە زیاتر پەرەی پێ دەدەین و مۆزایکێکی زۆر جوانتر و تۆکمەتر لەو کۆمەڵگە فرەڕەنگ و دەنگە دروست دەکەین و، بە جوانترین شێوە لە یەکتریان نزیك دەکەینەوە و باشتر ئاوێتەی یەکتریان دەکەین، ئەگەرچی ئەم پرەنسیپە بۆ ئێمەی هەولێری بووە بە بنەما و کلتوور و میراتێکی جوان، بەڵام بۆ لەمەودواش کاری باشتری لەسەر دەکەین و ئەو نموونە باڵایە دەکەینە سەرمەشقی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

● منداڵان و بەهرەداران توێژی بەنرخ و سامانی ئێمەن، ئێستا و داهاتووی گەلەکەمانن، هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین لە بواری جیاجیادا خزمەتیان بکەین و پێیان بگەیەنین و دونیایەکی ڕازاوەتر و ئارامتر و پڕ دڵنیاییان بۆ دەستەبەر بکەین، کە ئەوە ئەرکی ئێمەیە وەك پەروەردەکار و وەك دایك و باوکان و وەك خزمەتکاری ڕۆڵەکانمان. ژینگەی پەرلەمانیش کە شوێنی یاسادانانە، باشترین مەیدان و ژینگەیە، کە بتوانین لەو ڕێیەوە خزمەت بە منداڵان و بەهرەدارانمان بکەین، منیش وەك خۆم، ئەگەرچی تەمەنێکە لەو بوارەدا خزمەتم کردووە، بۆ لەمەودواش هەر بە هەمان گوڕ و توانا بەردەوام دەبم.

● لە بواری پەروەردەدا، ئێمە تا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تەمەنێك کارمان کردووە، ئەزموونمان کۆ کردووەتەوە و چەند نەوەیەکمان پێگەیاندووە، ئەمجارە دەمەوێ لە ڕێی پەرلەمانەوە و بە یاسا لەگەڵ هاوکارانمدا هەوڵی دروستکردنی یەکەیەکی بەهێز بدەین، بۆ گەشەکردنی زیاتری بواری پەروەردە و پڕکردنەوەی هەموو ئەو کەلێن و درزانەی شك ببەین کە تیادا هەبن.

# ١٩٠


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٥٥
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
شێخ محەمەد شیلەخانی


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٥٦
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
محمد عومەر کاکە
(محمدی قوتابیان)


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٥٧
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
هاوژین ئەبوبەکر فەتاح غەفور

١٩٠











# وەرزشکاران دەنگ به لیستی پارتی دەدەن



ڕۆژ دوای ڕۆژ بانگەشە گەرمتر دەبێت و وەرزشوانانیش بە پەرۆشن بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بتوانن وەکو چینێکی زیندووی نێو کۆمەڵگە و ژمارەی زۆری وەرزشوانان لە کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەربخەن بە دەنگەکانیان، ڕۆژی هەڵبژاردنیش بکەنە ڕۆژی کەرنەڤاڵی سەرکەوتنی لیستەکەیان، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بکەنە یەکەمی کوردستان و ڕۆڵی کارایان هەبێت لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ گۆڤاری گوڵان بۆچوونی وەرزشکارانی وەرگرتووە لە سەر دەنگدانیان بە لیستەکەی خۆیان.

١٩٠

**لاجان خۆشناو ڕاهێنەر:**

## دەنگمان بۆ لیستی (١٩٠)ی پارتییە



وەکو وەرزشوانێکی ئافرەت دەنگم بۆ لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمە بڕیار و چارەنووسی وولاتەکەمانە، پێویستە بەشداری لە هەڵبژاردن بکەین، گرنگی هەڵبژاردن بۆ نیشتمان بۆ کوردستان بە مافی خۆمان بزانین و بەم ئەرکە نیشتمانییە هەڵسین دەنگمان بۆ ئاوەدانی و ئارامی و سەرکەوتنی خاك و وولات بێت لەگەڵ سەرۆك بارزانی دەبین وەك هەمیشە، بە ئومێد و ورەیەکی بەرزەوە بۆ پێشەوە دەچین و خۆ ناچەمێنین و پارتی داربەڕووە ڕەگی لە ناو دڵ و دەروونی زۆترین جەماوەری کوردستاندایە، بۆیە هیچ کۆسپ و بەربەستێك و پیلان و پایەکانی کارمان تێنەکات بە بەڵێ بەشداری دەنگدان دەکەین.

**بەهێز ئیسماعیل یاریزانی بۆکسێنگ:**

## وەکو وەرزشکارێکی گەنج دەنگ دەدەم بە لیستی ١٩٠ی پارتی



وەکو وەرزشکارێکی گەنج دەنگ دەدەم بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەر ئەوەی کابینەی نۆیەم زۆترین خزمەتی بە هاونیشتمانیانی کوردستان کردوە لە هەموو ڕوویەك، ئومێدی زۆرمان بەم لیستە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بە دەنگی وەرزشکاران کاندیدانی لیستی پارتیمان سەر بخەین و دڵنیاین کە لە داهاتوو خزمەتی زیاتریش بە چینی وەرزشکاران دەکەن.









**نەوزاد شێرزاد یاریزانی پیشەگەری یاری بالە:**

## بۆ پاراستنی شکۆی کوردستان و کوردستانێکی بەهێز دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین



وەکو وەرزشکارێك بۆ پاراستنی شکۆی کوردستان و کوردستانێکی بەهێز دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە پاراستنی کوردستان تەنیا بە پارتی دەکرێت ئەو دەتوانێ کوردستان بپارێزێ لە هەموو دەستێکی خراپ، بەهیوای ئەوەشم وەرزشکاران دەنگ بە لیستی ١٩٠ بدەن.

**شوان ئەنوەر ڕاهێنەری تۆپی پێ:**

## دڵنیام تەنیا پارتی لە خەمی پاراستنی قەوارەی هەرێمە



وەکو وەرزشکارێك دەنگ بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، هەموو هەوڵێکیش دەدەین پاڵپشتی وەرزشکارانی کوردستان بۆ ئەم لیستە کۆبکەینەوە، چونکە ئەم لیستە تاکو هۆکارە بۆ کوردستانێکی ئاوەدان و ئارام، بەهیوای ئەوەشم کاندیدانی پارتیمان لە پەرلەمانی کوردستان زۆرترین بەرنامەی وەرزشیان هەبێت بۆ خزمەت کردن بە بواری وەرزش، دڵنیاشم تەنیا ئەم لیستەیە لە خەمی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە.









١٩٠

رەنا برکات یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان:


## داواکارم لە وەرزشوانان دەنگ بە لیستی پارتی بدەن



وەکو وەرزشوانێك دەنگ بە لیستی ١٩٠ی پارتی دەدەم، چونکە ئەو حزبە خەباتی کردوە لە پێناو کورد و کوردستان بۆیە دەنگ بەم حزبە دەدەین، داواکارم لە وەرزشوانان لە ڕۆژی دەنگدان بەرەو سندوقی دەنگدان بڕۆن و بەدەنگەکانیان کاندیدانی پارتی سەربخەن، بەهیوای ئەوەشم کاندیدانی پارتی لە پرۆژەکانیان گرنگی بە وەرزش بدەن و زیاتر وەرزشی ئافرەتان پێش بخەن و گوێ بۆ وەرزشوانان بگرن و هاوکاریان بن بۆ بەرەوپێشبردنی وەرزشی ئافرەتان.

ڕەجەب عەبدول ڕەحمان گەرزە وەرزشوانان :

## دڵخۆشم کە پشتگیری لیستی ١٩٠ی پارتی دەکەم



وەکو وەرزشوانێك دڵخۆشم کە پشتگیری لیستی ١٩٠ی پارتی دەکەم، لیستی خۆڕاگری و هەڵگری خواستەکان وزامنی پاراستنی دەستکەوتەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستانە، پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە خەبات و قوربانی زۆری داوە لەپێناو بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد و هەوڵدان و تێکۆشانی بەردەوام بۆ بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.









١٩٠

**میران خەسرۆ یاریزانی تۆپی پێ:**

## (١٩٠) تاکە لیستە بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردستان کار دەکات



دەنگدان بە لیستی پارتی، دەنگدانە بە مافی پارێزراوی هەموو گەڵی کورد، تاکە لیستە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردستان کار دەکات و مافی نەتەوەکەمان دەپارێزێت، تاکە پارتی کوردییە کە بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو کوردستان دەکات و ئامانجی سەرخستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە، بەهیوای ئەوەین وەرزشکاران بە دەنگەکانیان ئەم لیستە سەربخەن.

**ئەحمەد شوکر وەرزشوان:**

## وەک وەرزشوانێک دەنگ بە لیستی (١٩٠) دەدەم



وەکو وەرزشوانێک دەنگ بە لیستی ١٩٠پارتی دەدەم، چونکە تاکە لیستە دەتوانی بەرگری لە مافەکانی هاووڵاتیان بکات، کاندیدانی جەنابی سەرۆک سورن لە سەر خزمەت کردنی چینەکانی کۆمەڵگە، هیوادارم وەرشوانان دەنگ بەم لیستە بدەن، لەداهاتووش کار لەسەر باشترکردنی وەرزش بکرێ.











# پارتی وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی بەرفراوان و بزاڤێکی جەماوەریی و مەکۆی کۆکەرەوەی تواناکانی خەڵکی کوردستان خۆی ناساندووە

پارتی لەسەر ڕێبازی بارزانی دامەزرێنەر و سەرکردە دووربین و شۆڕشگێڕەکەی، گرێی (خۆبەکەمگرتن) و نائومێدی لە ناخی مرۆڤی کوردستانیدا ڕەواندەوە و هێز و تین و توانای خەڵکی کوردستانی یەکخست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیلانی شۆڤینیستانەی دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق، لە هەمانکاتدا سەلماندی کە بڕیاری دامەزراندنی پارتی بە هاوکاری ژمارەیەك ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری گەلەکەمان، هەم پێویستییەکی مێژوویی و هەمیش وەڵامدەرەوەی ستەمی بێبەشکردنی کورد بوو لە مافی چارەنووس و نەگەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی.

**پازەند سۆران مەنمی، قوتابی زانکۆ:**

## لیستی ١٩٠ لیستی خۆڕاگری و ئاوەدانی خاوەنی چەندین شۆڕش و خەبات و قوربانیدانە

پارتی خاوەنی هەزاران شەهیدی قارەمان و مەزنە، هەردەم بۆ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی کوردستان هەوڵی داوە، ئەوەی پارتی جیادەکاتەوە لە حیزبەکانی دی هێز و ئەزموونی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنە، بەهێزبوونی پارتی بەهێزبوونی کوردستانە، پارتی هەمیشە کەسانی بەهێز و بەرپرسیاری لە پێگەی بەرپرسیارێتیدا داناوە کە بە توانا و پاڵپشتیی سەرۆك و مەرجەعی کورد ڕێزدار کاك (مەسعود بارزانی) بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە کوردستانیان پاراستووە، بۆیە تۆی گەنج کە ئەمڕۆ مافی دەنگدانت هەیە پێویستە بیر لەوە بکەیتەوە کە ئاشتی و ئارامی و خۆڕاگری و ئاوەدانی و بەرگریکردن لە خاك و مافی خەڵکەکەی، خەمی گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئێمەش بە شانازییەوە لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دەمێنینەوە دەنگمان بۆ لیستی ١٩٠ دەبێت.





زمناکۆ بابان قەڵادزەیی:

## دەنگدان بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانە بەزامنکردنی کوردستانێکی بەهێز و ئاوەدان



سیاسەتی حەکیمانەی دوورمەودای سەرۆك بارزانی و تێڕوانینی گەشی بۆ داهاتوی کوردستان و هەنگاوی بوێرانە و بەرپرسیارانەی، وا دەکات کە ئیمەی گەنجان و لاوانی کوردستان بە شانازییەوە ڕوو بکەینە سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی لیستی ١٩٠ی پارتی و دەنگ بدەین بەکارنامەی ڕوون و ئاشکرای ئەو حزبە، دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانە بەزامن کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و دەنگدانە بەخوێنی شەهیدان و کوردستانێکی بەهێز، هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر گرنگە، سەیری ڕوئیای هەموو حزبەکان بکە و سەرنج بدەن، تەنیا پارتی پلانی بۆ داهاتوو هەیە، کە ئاوەدانییە، بۆیە لەپێناو کوردستانێك بەهێز دەنگ بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.

دکتۆر دیار مەلا محەمەد ئەمین گوێزلێنگەیی:

## دەنگدان بە لیستی ١٩٠ پشتگیریکردنە لە دیموکراسی و سەقامگیری و خۆڕاگری و پیکەوەژیان



پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر سەرکردایەتیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانیدا هەڵگری پەیامی سەربەخویی کوردستانە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش قوربانیی زۆری لەو پێناوەدا داوە، کوردستانی ئەمڕۆ کە بووەتە هێما و سیمبولی دیموکراسی و سەقامگیری و گەشەسەندن و پێکەوەژیان لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرهەمی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دیدگای ستراتیجیی جەنابی سەرۆك بارزانییە، کە ڕۆڵێکی سەرەکیی گیراوە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستاندا. هەربۆیەش دەنگدانە بە لیستی ١٩٠ پشتگیریکردنە لە خوێنی پاکی شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان، پشتگیریکردنە لە دیموکراسی و سەقامگیری و خۆڕاگری و پیکەوەژیان و بەهیزمانەوەی کوردستان، پشتگیریکردنە لە دواڕۆژێکی گەش بۆ نەوەی داهاتوو.



١٩٠



**حوسێن جەواد بندیان:**

## سەرۆک بارزانی
## یەکەم کەس بوو داوای هەڵبژاردنی کرد

پەرلەمانی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەی کوردستانە، خەڵکی کوردستان خوێنیان لە پێناو ئەو دەستکەوتە مێژووییەدا ڕشتووە و هەروا بە ئاسانی دروست نەبووە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێن و خەباتی خەڵکی ئەم کوردستانەیە، بۆیە پاراستنی ئەرکی هەموانە. هەموومان ئەو ڕستییەمان لەبیرە کە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کاتێك حکومەتی ئەوکاتی عێراق دامودەزگاکانی لە کوردستان کشاندەوە، بۆ ئەوە بوو بە هەموولایك بڵێت کورد توانای خۆبەڕێوەبردن و ئیدارەدانیان نییە، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بارە لارەش جەنابی سەرۆك بارزانی یەکەم کەس بوو کە داوای کرد هەڵبژاردن بکرێت و هەرچی زووە دامودەزگا حکومییەکان بخرێنەوە سەرپێ، تاوەکو ژیان و کاروباری هاووڵاتیان ڕانەوەستێت، ئەوە بوو بە بڕیاری بەرەی کوردستانی و بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیار درا هەڵبژاردن بکرێت، چونکە هەڵبژاردن سەنگی مەحەکە و مافێکی ڕەوای هەموو تاکێکی کوردستانە دەنگ بە چ حزب و لایەنێك دەدات و خەڵك خۆی لە بڕیاردانـدا ئازادە. لە هەڵبژاردنـدا ململانێی حزبایەتی ڕەوایە بەڵام شەریفانە بێت، ئەوەش بەچی دەکرێ بە هێنانە پێشەوەی کەسانی یاساناس و شارەزا و کاندید کردنیان بۆ پەرلەمان هەتاکو بە هەموولایەك بتوانن جوانترین و باشترین خزمەت پێشکەش بکەن. ئێستاش لە پاش ئەو هەموو ساڵە و دوای نۆ کابینەی حکومەت پێویستە ئەو کەسانەی دەچنە پەرلەمان بە پێی یاسا و ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان گفتوگۆی یاسایی بکەن و دوور بن لە زمانی زبر، پێویستە حزب و لایەنە سیاسییەکان بیر لە کاندیدکردنی کەسی گونجاو بکەنەوە، ئافرەتانی کورد هەمیشە شان بە شانی پیاوان لە خەبات و قوربانیدان بوون، ئافرەتانی کورد پێویستە ڕۆڵیان پێ بدرێت بۆ نێو پەرلەمان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام نەك کچە مۆدێلەکان کاندید بکرێن بۆ نێو پەرلەمان، بەڵکو ئافرەتانی خاتوون و بەئابڕوو کاندید بکرێن، چونکە پەڕلەمان پیرۆزیی خۆی هەیە و پێویستە کاندیدی پەڕلەمان کەسانی ڕابردوو پاك و شارەزابن لە یاسادانان و نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بن، بە ڕای من هەرکەسێك خۆی و بنەماڵەکەشی بۆ یەك ڕۆژیش خیانەتی کردبێت نەکرێتە کاندیدی پەرلەمان، چونکە ئەو جۆرە کەسانە قەت نابنە خەمخۆری خەڵك و خاکی کوردستان، با کەسانی ڕابردووپاك و خاوەن بڕوانامەی بەرز و ڕۆشەنبیر و بەتوانا و بەئەزموون بچنە پەرلەمان هەتاکو بتوانن دەستوورێکی گونجا و بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان دابنێن، تکا دەکەم لە حزب و لایەنە سیاسییەکان کە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بنێرن لە پێناو بەرز ڕاگرتنی شکۆی پەرلەمان و وەفادارییان بۆ خوێنی شەهیدان.









١٩٠












**یادگار مەحمود نەسروڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:**

## بۆ دەربازبوون لە بۆشایی یاسایی و بەهێزبوونەوەی فیدراڵییەتی هەرێم دەنگ بەلیستی ١٩٠ی پاتی دەدەین

هەڵبـژاردن یەکێکە لـە کۆڵەکە هـەرە بەهێزەکانـی سیسـتمی دیموکراسـی و دیموکراسییش وەك داهێنانێکی مـرۆڤ هەتـا ئێسـتا باشـترین میکانیـزم و کەرەسـتە و جۆری حوکمڕانییـە بەراورد بـە سیسـتمەکانی دی، هەڵبژاردنـی ئەمجارەش کـە بۆ خولـی شەشـەمی پەرلەمانـی هەرێمـە زۆر گرنگـە، هەرچەنـد هەڵبژاردنی خولەکانـی دی بێگومـان گرنـگ بـوون، بـەڵام گرنگیـی ئـەم هەڵبژاردنـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دواکەوتنـی هەڵبـژاردن و دروسـتبوونی دۆخێکـی ناهەمـوار و بۆشـایی یاسـایی کـە دەرئەنجام پێگـەی دەسـتوریی هەرێـم و قـەوارە فیدراڵییەکـەی لاواز دەکات، بـۆ دەربازبـوون لـەو بۆشـاییە یاسـاییە و بەهێزبوونـەوەی فیدراڵییەتـی هەرێم کـە بەغدا زیاتـر پابەنـد دەکات بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەنـگ بەلیسـتی ١٩٠ی پارتـی دەدەیـن، پارتێك کـە هەرەشـە دەگۆڕێت بـۆ دەرفـەت .



**ڕوناك شێخ جمال، فەرمانبەر لە پەروەردەی سلێمانی:**

## لیستی ١٩٠ لیستی هیوای کوردبوون و داکۆکی و مانەوەی هەرێم کوردستانە

لیسـتی پارتیمـان تاکـە لیسـتی باشـووری کوردسـتانە کـە تـا ئەمـڕۆ سـازش و ڕێککەوتنـی لەگـەڵ دوژمـن و داگیرکـەران نەکـردووە و هەرگیزیـش سـازش نـاکات.

لیسـتی پارتـی هەمیشـە لیسـتی خزمـەت و بونیـات و خەمخـۆری بـووە و لـە ٣٣سـاڵی ڕابـردووی دوای ڕاپەڕینـەوە کار و خزمەتـی دیـار و بەرچـاوە.

لیسـتی ١٩٠ ی پارتیمـان تاکـە لیسـتە کـە هێـزی بەرنگاربوونـەوەی هەیـە و تەنیـا و بەهێـز لـە خاکـی کوردسـتان لـە ڕووی هەمـوو دوژمنـان و خۆ فـرۆش و سازشـکار و کرێگرتـەکان وەسـتاوە. سـەرکەوتووبن لیسـت و کاندیدەکانـی پارتیمـان، لەپێنـاو کوردسـتانێکی بەهێـز و ئـاوەدان دەنگمـان بـۆ لیسـتی ١٩٠ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە.

١٩٠

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# پارتی کار دەکات لە پێناوی گەشەپێدانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەڵەبجە



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# بۆ ئەوەی هەڵەبجە ببێتە
# ڕێگەیەکی تری بازرگانیی نێودەوڵەتی

## لیستی (١٩٠)ی پارتی هەڵبژێرە



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠


# کار بۆ لابردنی ئەوئاستەنگانە دەکەین کە دەبنە مایەی بێبەشبوونی ئافرەتان لە دەرفەتەکانی کار و سەرکردایەتیکردن



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# کار بۆ ڕێگریی لە تێکەڵکردنی
# ئایین بە ململانێ و کێبەرکێی
# حزبایەتی دەکەین



١٩٠

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# پارتی وەك هەمیشە
# کار دەکات لەپێناو پتەوکردنی
# پایەکانی دیموکراسی

